# ڕۆڵی سەرەکی شوێن لە کورتیلە چیرۆکدا لە باشوری کوردستاندا لە ۱۹۷۰ - ۱۹۹۵

م.ی ئازاد محەمەد سەعید
زانکۆی کۆیە / فاکەڵتی پەروەردە / سکوڵی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ڕۆڵی سەرەکی شوێن لە پاڵەوانییەتی لە کورتیلە چیرۆکی کوردیدا ماوەی لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی ۱۹۷۰ تا ۱۹۹۵ ە سنووری لێکۆڵینەوەکە باشوری کوردستانە توێژینەوەکە بریتییە لە کورتەیەك ودەروازەیێك ودوو بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان لە دەروازەکەدا باس لە زاراوەو چەمکی پاڵەوان و شوێن و ڕەهەندەکانی کراوە لەگەڵ بۆچوون و ڕای هەندێ لە فەیلەسوف و نووسەران , بەشی یەکەم تەوەری یەکەم , مەرج نییە پاڵەوان لە کورتیلە چیرۆکدا تەنها مرۆڤ بێت هەندێك جار پاڵەوان شوێنە , پاڵپشت بە هەندێ نموونەی کوردی و بیانی , تەوەری دووەم شوێنی پیرۆز و ئاشنا و شوێنی نەفرەت لێکراو و دژ تەوەری سێ یەم خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پاڵەوانی مرۆڤ و پاڵەوانی شوێنە . بەشی دووەم بریتییە لە دوو تەوەر تەوەری یەکەم بەخشینی هەستەکانی بینین و بیستن و بۆنکردن بەرکەوتن و سیفەتی مرۆڤ بە شوێن هەروەها شوێن بە مرۆڤ , تەوەری دووەم پانتایی شوێن و ئاماری شوێن لە بەشێك لە کورتیلە چیرۆکەکاندا , ئەنجام و سەرچاوەکان . مەبەست لەم توێژینەوەیە شوێن و خاکی پیرۆزی کوردستانە کە بە هۆی گیانبازی وکارەسات و داگیرکارییەکان شوێن ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی بینیوە وەکو ڕۆڵەکانی ڕۆڵی بینیوە لە سەرکەوتنەکان هەروەها پشکی بەر کەوتووە لە نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ئەنفال و جینۆساید و کیمیا باران و ڕاگواستندا هەروەکو ڕۆڵەکانی دیل بووە و بریندار بووە و شەهید بووە دوژمن هیچ جیاوازییەکی نەکردووە و درێخی نەکردووە لە نێوان مرۆڤ و شوێندا لە کارە دڕندەییەکانییدا ئامانج لە لێکۆڵینەوەکە هەندێك شوێن لە جیهاندا وەك پاڵەوان ناسراون ناو وناوبانگ و پیرۆزییان گەیشتوەتە ڕادەیەك هەتا مرۆڤایەتی مابێت یادیان دەکرێتەوە وەك هەردوو شارە بۆردوومان کراوەکەی ژاپۆن هیرۆشیماو ناکازاکی بە چەکی ئەتۆمی , لە شەڕی دووەمی جیهانیدا , مرۆڤەکان لەکاتی بۆردومانەکەدا گیانیان سپارد بەڵام ناوەکانیان گومناوە بەڵام هەردوو شارەکە بە پاڵەوانی ڕاستەقینە ئەژمار کراون تائێستا لە باشوری کوردستاندا شارۆچکەی هەڵەبجەو بالیسان و شێخ وەسان و ساوسێنان و شاناخسێ و دۆڵی جافایەتی و گۆپتەپەو و عەسکەر و گەرمیان هیچیان لەم دوو شارە کەمتر پێ نەکراوە؟ ئەمە جگەلەوەی شوێن خۆی دەسە پێنێت لە چیرۆکدا کە گۆڕەپانی ڕوودانی ڕووداوەکانە , نووسەر لە بچوکترین شوێن کارەکانی دەست پێدەکات تا شوێنە فراوانەکان , پانتاییەکی زۆر لە چیرۆکەکان داگیر دەکەن , مرۆڤەکان دەناسرێن بە هۆی شوێنەکانەوە , زۆر جار شوێنەکان سیفەتی مرۆڤیان پێ دەبەخشرێت , ڕۆحیان بەبەردا دەخرێت , وەکو مرۆڤ هەڵس و کەوت دەکەن , لە ئەنجامدا ئەگەر لە چیرۆکەکان ووردبینەوە چیرۆکەکان زیاتر شوێنیین تا مرۆڤیی , ئەنجام و کورتەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو , لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان .

### دەروازەیەك :

ئەم زاراوەی پاڵەوانە : بە چەند شێوەیەك بەکاردێت , پاڵەوان , کەسی یەکەم و کەسی سەرەکی و شاکەس پاڵەوانی هەڵکەوتوو پاڵەوانی دروستکراو, پاڵەوانی سەپێنراو , پاڵەوانی بێ پاڵەوانییەتی پاڵەوانی ڕۆشنبیر , پاڵەوانی ئەفسانەیی خوراقی , پاڵەوانی ساختە کە پرۆپ دەستنیشانی کردووە . پاڵەوان ئەگەر مرۆڤ بێت جۆرێکە لە کەسێتیی لە چەند دابەشکردنێکدا بریتییە لەکەسێتیی واقیعی کەسێتیی خەیاڵی , کەسێتیی ئاسایی کەسێتیی شەڕانگێز , کەسێتیی پەسندکراو , کەسێتیی پەسندنەکراو ,کەسێتیی دوورە پەرێز و دابڕاو لە خەڵك , کەسێتیی دۆگما , کەسێتیی نەخوێندەوار و ئاست بەرز لە ڕووی دەسەڵاتەوە , شوێن و سروشت وەك پاڵەوان .

**پاڵەوان لە ڕووی چەمکەوە :**

پاڵەوان ئەو کەسە دیاریکراوەیە , لەناو کۆمەڵگادا دەتوانێ لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵدا گۆڕانکاریی بکات بە سیفەتە پاڵەوانییەکانی لە کەسی ئاسایی جیادەکرێتەوە پاڵەوان بە هەڵسوڕێنەرو داینەمۆی ڕووداو دادەنرێت , یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی چیرۆك , ئەو سیفەتانەی کەلە مرۆڤدا هەن لە بوونەوەرەکانی , دیکەدا نییە وەکو , گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و سیفەتە بایۆلۆجییەکان کە خودا بەمرۆڤی بەخشیوە لە هەڵچوون و گریان و پێکەنین ودڵخۆشی و غەمباری بەکارهێنانی هزر لەڕووی جەستەییەوە هەروەها کامڵی لە ڕووی بیرو هۆش و ڕۆشنبیرییەوە , لە هەندێك بارو دۆخدا شوێن هەمان ڕۆڵ دەبینن .

( پاڵەوان ئەو کەسە دیاری کراوە نییە کە لە سروشتدا بەتەنها هەڵکەوتبێت بۆ کەس و شتی دیکە نەبێ , پاڵەوان ئەو کەسەیە سەرنجی خەڵك دەوروژێنێ و سەرسامی دەکات هەندێ لەو کارانەی کەدەیان کات خەڵکی ئاسایی پێیان ناکرێت , زۆر لە سیفەت و ئاکارەکانیدا لە مرۆڤی ئاسایی و بێ توانا وگەڕاو بەدوای غەریزەکان جیادەکرێتەوە , ڕۆڵی لەنێوان جەمسەری چاکەو خراپە دایە )( ١ ) هەندێك جار شوێن بەجۆرێك پانتاییەکی زۆر لەچیرۆکدا داگیردەکات , خۆی دەسەپێنێت , شوێن بە پاڵەوانی مرۆڤ لێژ دەکات و پەراوێزی دەخات , خۆی ڕۆڵی پاڵەوان دەبینێت .

( لە کۆنەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم , کارەکتەر سیفەتێکی ئەفسانەیی و خورافی هەبووە وچارەنووسی بەدەستی خواوەندەکان بووە , لە ڕووی تواناو قەبارە و هێزەوە لە مرۆڤی ئاسایی نەچووە, ململانێی لەگەڵ دێوو کۆمەڵێ بوونەوەری خورافیدا کردووە )( ٢ ) چارەنووسی مرۆڤ بە سروشتی بێ ئامانەوە بەسترا بوو بووە , ململانێی بەردەوامی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرو سروشتدا , جگە لە ترس و دڵەڕاوکە لە دێوو بوونەوەرە خورافییەکانەوە ڕوودانی ڕووداوە سروشتیەکانی وەك لافاو و بومەلەرزەو گڕکان و گێژەڵووکەو ڕەنووی بەفر و زریان , ئەمانە هەمووی وایکردووە , مرۆڤ بە بەردەوامی لە ململانێ دابێت لەگەڵ سروشتدا بە ترسەوە بڕوانێتە دەورو بەرەکەی , بۆیە دەبینین مرۆڤی لەم جۆرە , لەڕووی جەستەوە بەهێزتر و بەتواناتر بووە لە مرۆڤی دوای ئەو سەردەمە کە هەموو هێزو توانای لە خزمەتی ئاسان کردنی ژیانی مرۆڤ داناوە , زیاتر پەرە بە هزرو تواناکانی مێشك دەدات نەك جەستە , ئەمەش وایکردووە , تەنها بە لاوازی ڕۆڵی چاوەڕوانی ببینێ لەکاتی ڕووبە ڕووبوونەوەی , ڕووداوە کارەساتبارەکان و سروشتیەکاندا .

ئەمە جگەلەوەی پاڵەوان لە کەسێتیی واقیعی و خەیاڵی , زۆر جار ئاژەڵان دەبنە کارەکتەرو پاڵەوانی چیرۆکەکان بەیدەبای فەیلەسوفی هیندی زۆربەی کەسێتییەکانی ناو چیرۆکەکانی لە ئاژەڵانن ( ئەمە کتێبی کەلیلەو دیمنەیە کە زانایان لەسەر زمانی گیانەوەر دایان ناوە بە جوانترین شێوە ڕازاندیانەوە , کە تێگەیشتوان لەبەر زانین خوێندیانەوە بەلام نەزان بۆ گاڵتەو ڕابواردن )( ٣ ) لەکاتی خوێندنەوەی ڕووکەش بۆ ئە مجۆرە چیرۆکانە , تەنها بۆ گاڵتەو کات بەسەر بردن زیاتر هیچ سوودێکی دیکەیان نییە , بەلام لەکاتی خوێندنەوەی وورد, چەند ئامۆژگارییەك و چەند سوودێك دەبەخشن , کە تائێستا مرۆڤ سوودی لێ دەبینێت هەروەها هەندێ لە سیفەت و ئاکاری ئاژەڵان بۆ مرۆڤ ڕوون دەکەنەوە . هەروەها چیرۆکەکانی ئیزۆپ بە درێژکراوەی چیرۆکەکانی بەیدەبا دادەنرێن ( سیمای چیرۆکە پرو پوچەکان بەوە جیادەکرێنەوە کورتن , لەسەر زاری ئاژەڵان و هەندێ دیاردەی سروشتی , ناوەڕۆکەکەی هەڵگری مانا ڕەوشتییەکانە تا مێژوویی )( ٤ ) هەروەها چیرۆکەکانی و ئیزۆپ و لافۆنتین پاڵەوان وکەسێتییەکانی ناو چیرۆکەکانیان لە ئاژەڵانن ( "ئەرستۆفان" هەقایەتی "هەڵۆو ڕێوی مێیە" بۆ ئیزۆپ دەباتەوە , کەڕاستییەکەی "ئارکیلۆز"نووسیوە کە سەدەو نیوێك پێش ئیزۆپ ژیاوە....لافۆنتین لە سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە ...دوازدە نامیلکەی لەم هەقایەتانە بلاوکردەوە کەلە سەدەی دەیەمی زاینی کۆمەڵە هەقایەتێکی گیاندارانی بە فەرەنسی بلاو بووەوە )( ٥ ) لە چیرۆکی کوردیدا نموونەی زۆری پاڵەوان و کارەکتەر لە ئاژەڵانی تێدایە حسێن عارفی چیرۆکنووس لە کورتیلە چیرۆکی "سمۆرەدا" ( * ١ ) ئەم ئاژەڵە ئێسك سووکە کە "سمۆرەیە" دەیکاتە پاڵەوانی چیرۆکەکەی .

**دەستنیشانکردنی شوێن لە چیرۆکەکاندا :**

**گوند ≠ شار, شوێنی کراوە ≠ شوێنی داخراو , شوێنی دژ ≠ شوێنی ئاشنا , شوێنی پیرۆز و ئاشنا ≠ شوێنی نەفرەت لێکراو و دژ , شوێنی تایبەت ≠ شوێنی گشتی , شوێن وەك ئەلتەرناتیف بۆ مرۆڤ یان مرۆڤ بۆ شوێن .**

شوێن کایەییێکی زیندووە بۆ جێگۆڕکیٚ کردن , هەرچەندە مرۆڤ شوێنی خۆی هەیە , کەل و پەلەکان شوێنیان هەیە ئەگەر لە چەند چیرۆکێکدا شوێن ئامار بکرێت , ڕێژەکەی زۆرجار لە سیٚ یەکی زاراوەکانی دیکە زیاتر دەبێت . گرنگی شوێن لای نووسەرە , هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی , دەروونی ئایدیۆلۆجی وەرگرێت , دەبێتە هۆی درکاندنی کۆمەڵێك نهێنی , کە هۆکاری باشن بۆ شی کردنەوەی دەروونی و دەرخستنی نهێنییەکان بە هۆی شوێنەوە , لە چیرۆکدا لە هەردوو دۆخی کەوتن و هەڵسانەوە لە نێوان مرۆڤ و شوێندا سەرەتای کارلێکردنی دەروونی لە نێوانیاندا دەردەکەوێت , کەسێك ماوەییێکی زۆر لە شوێنێکدا بمێنێتەوە , هەموو کەل و پەل و شتەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر هەڵس و کەوتی کەسەکە لەبەر ئەوەی هەست بە ڕۆحی شوێنەکە دەکات و هەڵوێستی دەگۆڕێت و ڕەنگی شوێنەکە دەگرێت , ( چیرۆکە کات چیرۆکی شوێنین تا چیرۆکی کەسێتیی )( ٦ ) هەروەها شوێن ڕۆحی خۆی لە مرۆڤەکانەوە وەردەگرێت , هەروەها چارەنووسی شوێن و مرۆڤ لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا هەمان چارەنووسە بە تایبەتی لەکاتی شەڕو جینۆسایدو کارەساتە سروشتییەکاندا , هەندێك جار شوێن دەبێتە ئەلتەرناتیف بۆ مرۆڤ یان خۆشەویستەکان وەك باوك دایك برا خوشك یان ئازیزێك بەتایبەتی ماڵ یان خانوی یەکەم ڕەگ و ڕیشە دادەکوتێت لە ناخ و دەروونداا , هۆکاریشە بۆ خۆشەویستی هەندێك جار شوێن دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەها مرۆڤایەتییەکان بەتایبەتی لەکاتی شەڕدا بەشێك لە پیاوان لەترسی شەڕ لەماڵەوە خۆیان حەشار دەدەن و فێری ئیشی ماڵەوە دەبن لە بەرامبەردا هەندێك جار ژن لە شەڕگەکاندا شان بەشانی برا سەربازەکانیان هاوکارییان دەکەن . بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا شوێنە گەورەو فراوانەکان بوون بە شوێنۆکە , بەڵام ڕەهەندی شوێنە تایبەتەکان فراوانتر بووە . ئاوارە بوون و دەربەدەر بوون لە ناو کوردستان بە هۆی شەڕی ناوەخۆ لە شارێکی کوردستان بۆ شارێکی دیکەی کوردستان , زیندانی بوون و حەشاردان لە شوێنە جیاجیاکان , ئاوارە بوون پەڕاگەندە بوون بۆ دەرەوەی کوردستان و تاراوگە , باجەکەی جگە لە شوێنەکە شارە یان گوندە ماڵە تەنها نەوەیەك یان چەند کەسانێك کە لە شوێنەکانی خۆیان لانەواز بوون دەیدەن یان تەنها کەسێك لە خێزانێکدا دەیدات , جگە لەوەی شوێنەکە بۆ خەڵکانێك دەبیتە دژ بۆ خەڵکانێکی دیکە دەبێتە ئاشنا, دیارە( بەهۆی وەسفێکی وورد دەتوانرێت ئەو شوێنە وەکوخۆی بەرجەستە بکات بە دوو جۆر : یەکەمیان وەسفی شوێنەکە وەکو خۆی بێلایەنانە , لە شێوەی وێنەگرتن دووەمیان : وەسفی تێکەڵ بە هەست و سۆز , وەسفی کارتێکراو "انفعالی" )( ٧ ) جۆری یەکەمیان بۆ بەرجەستە کردنی شوێن و کەل و پەلەکانە وەکو خۆی , جۆری دووەم ڕازاندنەوە یان تێکهەڵکیش کردنی سوز و جوانکردنە . هەر وەکو جۆنسۆن لە پێشەکی شکسبیردا دەڵێت : ( ئەرکی نووسەر هەمیشە ئەوە بووە , کە دنیا لەوەی کە هەیە چاکتر پیشان بدات )( ٨ ) هونەرمەند دەبیٚ دونیا جوانتر لەوەی کە هەیە پیشان بدات ئەو کاتە تام و چێژ لە هونەرەکەی دەکرێت , ئەگەر وەکو خۆی نیشان بدات ئەو کاتە, ئەرکی تەنها گواستنەوەیە . بەکارهێنانی پێوەرە باوەکان یان گەڕانەوە بۆ پێوانەی درێژیی و پانیی بۆ پێوانە کردنی شێوەی شوێنە ئەندازەییە ڕێك و ناڕێکەکان پێویستە بۆ خستنە ڕووی شێوە ئەندازەییەکان بۆ بەرجەستەکردن و خستنە ڕووی بۆ خوێنەر بۆ ئەوەی لەمەزندە کردنیدا بە هەڵەدا نەچێت .

و سۆز , جێگای باوك و ئازیزان شانازیی و خۆشی دەبەخشێت بەڵام هەندێك جار دەبێتە شوێنی قێزەون و عەیب وعار ,

**ژینگە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینیٚ لە دیاریی کردنی کەسێتیی و پاڵەواندا :**

ژینگەی ڕووداو , کاریگەری لە سەر کەسێتییەکان و ئەنجام هەیە , زۆر جار ژینگە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی ڕووداو زاڵ بێت بەسەر کەسێتییەکاندا ( ژینگە , کەسێتیی و ڕووداو لە باوەش دەگریٚ هەروەها مانا بە چیرۆکەکە دەبەخشیٚ بە تەنها کەسێتیی ناتوانیٚ مانا بە چیرۆك ببەخشیٚ , کەواتە دەتوانین بڵێین ژینگەی سروشتیی کە پێکهاتووە لە کات و شوێن بڕیار لە جۆری کەسێتییەکە دەدات جاری وا هەیە کاتەکە دەبێتە تەوەری گەوهەریی لە ڕووداوەکەدا , جاری وا هەیە شوێن دەبێتە تەوەری سەرەکیی لە ڕووداوەکەدا , بە هەردووکیان بڕیار لەسەر جۆرو ئاکارو هەڵس وکەوتی مرۆڤەکان دەدەن , چونکە ئەو

مرۆڤانە لەو ژینگەیەدا هەڵكەوتوون و پەروەردە بوون...هەردوو ڕەگەزەكە كەسێتیی و ڕووداو پێویستیان بە ژینگەی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی هەردووكیان لە باوەش بگرێت , لێرەدا یەكەكان یەكدەگرنەوە یەكەی لە خۆیان گەورەتر دروست دەكەن لە یەك جیانابنەوە چونكە یەكەیەكی ناوەكییان دروست كردووە )( ٩ ).

لێرەدا ژینگە , ڕەگەزەكان بە گشتیی لە خۆ دەگرێت , خاڵی درەوشاوە هەڵوێستێكی دیاری كراوە لە چاو تروكانێكدا شتێكی دیاریی كراو دەگەیەنێ , لە ژینگە دیاریكراوەكەدا . ( كاتێك باس لە بنەما هونەرییەكانی چیرۆك دەكرێت , مەبەست لە ڕەگەزە سەرەكییەكانییەتی وەك كەسێتیی , ڕووداو , ژینگە هەروەها كە باس لە پێكهاتەی چیرۆك دەكرێت مەبەست لە زمان , وەسف , دیالۆگ , گێڕانەوەیە , لەم كەرستانە پێكهاتەی چیرۆك بە گشتی دروست دەكرێت , ئەم ڕەگەزو كەرستانە هەروا بەخۆڕایی بەكار ناهێندرێن بەڵكو هەر یەكەیان لە شوێنی خۆیدا بە شێوەیەكی گونجاو بە گەشەكردنی ژینگەی ڕووداو و ژینگەی كەسێتیی لە چیرۆكدا ڕۆڵدەگێڕێت )( ١٠ ) بە هۆی زمانەوە بیرۆكەكان دەردەبڕێن بەڵام ڕەگەزەكان بە تایبەتی كەسێتیی پاڵەوان بوونی ئاساییە , بەڵام نەبوونی پرسیارە ؟ دەبێت ڕەگەزێكی دیكەی چیرۆك ئەم ڕۆڵە ببینێت . ( مەبەست لە شوێن درێژیی و پانیەكەی نییە بەڵكو كە باس لە شوێن دەكرێت لە ڕووی ڕەهەندی ماددییەوە لە واقیعدا باسی دەكرێت , یان شوێن وەكو پانتاییەك یان ئەو چوار چێوەیەی كە تێیدا جوڵە دەكات یان ڕووداو لە لایەن كەسەكانەوە ئەنجام دەدرێت )( ١١ ) ڕووداو ئەركێكە بكەرێكی دیار یان نادیار پێ ی هەڵدەستێ بە پێ ی داهێنانی نووسەرەكە ئەم ئەركە زۆر جار پەیڕەو ناكرێ بەشێوەیەك جێگای ڕەزامەندی گشت خەڵك بێت لەوانەیە كاریگەری جیاوازی هەبێت لە ڕووداوێكەوە بۆ ڕووداوێكی دیكە , لە كەرەستە خاوەكەی یەكەمەوە دەستپێدەكات تا كۆتایی پێ دێت بە لەیەك بەستنەوەی هەموو یەكەكان ئاكامێكی چاوەڕوان نەكراو بەدی دێت , بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازی كردن لە نێوان ڕووداو و بابەت لە چیرۆكدا ڕووداو تەنها ڕەگەزێكە لە ڕەگەزەكانی چیرۆك بەڵام بابەت , كۆی گشت ڕەگەزەكانە بە گشتی كەواتە بابەت لەوانەیە ئامانج بدات بەدەستەوە ,

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ لە فەرەنسادا لە ساڵی ١٩٣٨لەسەر دەستی هەر یەك لە خانمە چیرۆكنووسی فەرەنسی بەڕەگەز ڕوسی ناتالی سارۆت Nathalie sarraut ١٩٠٠ ـ ١٩٩٩و ئالان ڕۆپ گرێ Alain Robbe Grillet 2008 ـ 1922 , كلۆد سیمۆن Claude simon 1913 – 2005 و میشێل بۆتۆر Michel butor. 1964 وەسف بەمانا نوێ یەكەی هاتە پێشەوە و شوێنی بە گێڕانەوە لەق كرد كە تا سەرهەڵدانی كورتیلە چیرۆك باوی هەبوو هەروەها شوێن گرنگی زیاتری پێدرا لە بەر ئەوەی شوێن هۆكارێكە بۆ ناسینەوەی كات و كەسێتیی شوێن كەوتە ململانێ لەگەڵ كەسێتییداو پەراوێزی خست و شوێنی گرتەوە لە هەندێ بارودۆخدا لەبەر ئەوەی كەسێتیی پەراوێزخراو ئەو كەسێتییە كاریگەرە نییە كەڕووداو هەڵسوڕێنێت , تەنها بەوە دەوەستێ ڕۆڵی پەراوێز و تەواوكەر ببینێت . هەروەها شوێن جڵەوی ڕووداوەكان لە خۆ دەگرێت شوێن ئەو چوارچێوە گرنگەیە كەسێتیی و كات و ڕووداو لە باوەش دەگرێت , گێڕانەوە تا سەدەی نۆزدەهەم باڵی كێشابوو بەسەر ڕەگەزەكانی دیكەی چیرۆكدا , بەڵام ڕۆمانی نوێ یان كورتیلە چیرۆك سنوری بۆ كات و گێڕانەوە دانا وەسف بووە ئەلتەرناتیفێك ئەوەی زیاتر گرنگی پێ درا شوێن و كەل و پەلەكان و شتەكانی دەوروبەری مرۆڤ بوو نەك خودی كەسێتیی بۆ ئەوەی شوێن بە شێوەیەكی زیندوویی وەسف بكرێت و گیانی بەبەردا بكرێت , لە چیرۆكدا كە وەسف دەست پێدەكات كات دەوەستێت و پەراوێز دەخرێت تا وەسفەكە تەواو دەبێت . جیرار جینێت دەڵێت ( مرۆڤ دەناڵێنێ و توشی دڵە ڕاوكە دەبێت بەدەست زەمەنەكەیەوە , بەڵام هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەكات لەكاتێكدا خەیاڵی دەفڕێ بۆ دەورو بەری , بۆ ئەو شوێن و شتانەی كە چوارچێوەیەكی ئەندازەییان هەیە )( ١٢ ) لە دوای سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسەرانی فەڕەنسی ناتالی سارۆت و ئالان ڕۆپ گرێ و میشێل بۆتۆر كە پێشەنگ بوون لە داهێنانی ئەم ژانرە ئەدەبییە , لە ڕێگای وەسفەوە توانیان هەستەكانی بینین و بیستن و بۆنكردن بە شوێن ببەخشن ڕۆحیان بەبەردابكەن وەك مرۆڤ هەڵس وكەوتی لەگەڵدا بكەن , هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بە شوێن و ڕەهەندەكانی شوێن بدەن تا ڕەگەزەكانی دیكەی چیرۆك , وەك كات و كەسێتیی و ڕووداو . میشێل بۆتۆر دەڵێت ( شوێن نووسەرانی ڕۆمانی نوێی سەرقاڵ كرد

چونكە چەند ڕەهەندێك لەخۆ دەگرێت , نزیكە لەژیانی ڕۆژانە هەروەها لایەنی كۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵك بەرجەستە دەكات )( ١٣ ) پاڵەوان لە كورتیلە چیرۆكی كوردیدا وەكو چیرۆكی نەتەوەكانی ناوچەكەو دەوروبەری و ڕۆژئاوا پاڵەوان بە چەند شێوەیەك دەبینرێت , جگە لە مرۆڤ لە چیرۆكی منداڵاندا ئاژەڵان ڕۆڵی كەسێتیی و پاڵەوان دەبینن هەروەها چیرۆكنووسانی كورد لە كوردستاندا هەندێك جار ئاژەڵان دەكەن بە پاڵەوانی چیرۆكەكانیان زۆر جار ئاژەڵان دەكەن بە ناونیشانی چیرۆكەكانیان وەكو پاساری و سمۆرەو گەلەگورگ حەسار وسەگەكانی باوكم سەهێن زۆزانێ ئەوەی لە چیرۆكی كوردیدا بەدی دەكرێت لە پاڵەواندا هەندێ جار مرۆڤ تەنها ڕۆڵی پەراوێزخراو دەبینێ , شوێن تەنها وەك چوارچێوەیەكی جوگرافی نابینرێت بەڵكو پانتاییەكی زۆر لە چیرۆكەكەدا داگیردەكات و چەند ڕەهەندێك لە خۆ دەگرێت سیفەتی بایۆلۆجی وەردەگرێت و خۆی دەسە پێنێ وەك پاڵەوان . یەكێك لەڕەگەزەكانی چیرۆك كەسێتییە , پاڵەوانیش یەكێكە لە جۆرەكانی كەسێتیی دیارە چیرۆك وەك ژانرێكی ئەدەبی لە ڕۆمان و نۆڤلێت و كورتە چیرۆك و كورتیلە چیرۆك پێكدێت بە هۆی بنەما هونەرییەكانی هەریەكە لە جۆرەكانی چیرۆك لەیەك جیادەكرێنەوە , لە ڕووی ڕەگەزەكانیانەوە هەروەها لە كورتە چیرۆكدا كەسێتیی بە هۆی كەمیی ڕووداوەكان لە نۆڤلێت و ڕۆمان كەمترە كەچی لە كورتیلە چیرۆكدا لایەنێك لە كەسێتییەكە وەردەگیرێت كە پاڵەوانییەتی تێدا نییە ! هەندێك جار كەسێتیی زۆر بەئاسانی دەرناكەون , بەڵام بەهۆی هەڵهێنجاندن و دۆزینەوەی دەلالات دەتوانرێت كەسێتییەكان بدۆزرێنەوە , پاڵەوان بە دەگمەن بەدی دەكرێت یان بەدی ناكرێت لەجۆرەكانی دیكەی چیرۆكدا پاڵەوان , لەڕووی ژمارەو ئەركەوە لەیەكێكیان بۆ ئەوی دیكەیان جیاوازە . هەروەها "بۆن" كە یەكێكە لە پێنج هەستەكە , كاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ , لە یادەوەرییدا شوێنی خۆی دەكاتەوە , زۆر جار دەبێتە هۆی وەبیر هێنانەوەی یادەوەرییەكانی سەردەمی منداڵی یان شوێنێك وكاتێكی سەردەمی منداڵی , هەندێ جاریش هەستێك یان چەند هەستێك بەشداری دەكەن بۆ بەرجەستە كردنی شوێنەكان و كەل و پەلەكان , ئەویش بەهۆی تەكنیكی پێشخەری و گەڕانەوە . هەروەها شوێن وەكو بنەمایەك دەرگا بۆ شوێن و كاتی دیكە دەكاتەوە , تێكەڵ بوونی بۆنی خۆڵ لەگەڵ بۆنی خۆشەویستی هۆكارێكە بۆ بەراوردكردن لە نێوان ڕابردوو و ئێستا كە زۆرجار ڕابردوو خۆشترە لە ئێستا, حسێن عارف لە خۆڵ و باران و پایزدا ( ئەو ساتە بە ڕێگایەكی خۆڵیندا هەنگاوی دەنا كە بە تەنیشتی وەردێكدا ڕادەبوورد. لە گەڵیدا بۆن و بەرامەی خۆڵ و باران و پایز)( ١٤ ) حسێن عارف بۆن و بەرامەی خۆڵ و سروشتی شوێنێكی ئەفسوناوی دەكاتە ئامانجی نووسینەكەی , گەوهەری سروشت دەردەخات , یەكەم بارانی پایز , كە هەموو ساڵێ جارێك چەند ساتێك بەردەوام دەبێت , تا ساڵێكی دیكە لە یەكەم بارانی پایزدا دووبارە دەبێتەوە , كەس نییە لەو ساتانە شاگەشكە نەبێت و پڕ بە لووتی ئەم بۆنە تەلیسماوییە هەڵنەمژێ و سینەی پڕ نەكات و ئارەزووی زیاتریش نەكات , ئەم بۆنە سروشتییە بۆنی خاك و خۆڵە چەند ساتێك هەست و نەستمان داگیر دەكات , چەند ساتێكی كەمیش دوورمان دەخاتەوە لە بۆنە دەستكردەكان , بۆنی خۆڵ , لێی تێر نابێت , چۆن لێی تێربێت ! ساڵی جارێك و چەند ساتێكی كەمیش بێت ! ئەگەر لەم كورتیلە چیرۆكەدا بەدوای پاڵەواندا بگەڕێین بەدی ناكەین تەنها نووسەر بۆن و بەرامە و دڵۆپەی باران و گەڵا ڕێزانی خەزان و سروشت وخۆشەویستی تێكەڵ بە بۆنی خۆڵ دەكات.

وتەی چەند فەیلەسوف و بیرمەندێك و نووسەرێك دەربارەی پەراوێزبوونی كەسییێتیی مرۆڤ بەرامبەر بە شوێن وەك پاڵەوان :

ئەرستۆ :-

ئەرستۆ پایەی شوێن بەرز دەنرخێنێت (هەموو جەستەیەكی هەستپێكراو بوونەوەرە لە شوێندا هەروەها هێزێكی لە بن نەهاتووە هیچ شتێك بوونی نییە بەبێ شوێن , هیچ شوێنێك بوونی نییە بەبێ مرۆڤ )( ١٥ ) لێرەدا فەیلەسوفی بەناوبانگ ئەرستۆ شوێن و مرۆڤ لەیەك ئاست دادەنێت , ( جگە لەمەش , تراجیدی بەبێ كردەوە نابێ , بەڵام بەبێ كەسێتی دەبێ ) .( ١٦ )

**منكۆفسكی :ـ**

( "منكۆفسكی" كە پشت بە تیۆری "بیرجستۆن"دەبەستێ دەربارەی گەردوونەوە , كە پاڵنەرێكی زیندووە وكاردانەوەی لەسەر تەواوی ژیانی مرۆڤەوە هەیە , وای دەبینێ مانای ژیان مانای بوون نییە , بەڵكو بوونی كات بە پلەی یەكەم دێت دواتر شوێن بە پلەی دووەم دێت )( ١٧ ) كات و شوێن پێش ژیان دەكەون لە گەردووندا. لێرەدا كە باس لە تراجیدیا دەكەین تراجیدیا خۆی كردەوەیەكە بەبێ كەسێتیی دەبێت وەكو ئەم هەموو كارەساتە تراجیدیا سروشتییانەی كە بەسەر مرۆڤ دێن بەڵام مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی بێ هێز و بێ دەسەڵاتە , دەستە وەستان دەوەستێت , خۆی دەخاتە ژێر بەزەیی وفەرمانی كردەوە سروشتییەكەوە.

**ئالان ڕۆب گرێ :ـ**

پێی وایە بوونی پاڵەوان یان نەبوونی لە ڕۆمانی نوێ دا زۆر گرنگ نییە , پاڵەوانی وەكو ژمارەیەكی ئاسایی ئەژمار كرد( دەتوانرێ بگووترێ ئالان ڕۆب گرێ یەكێكە لە پێشەنگەكانی ڕۆمانی نوێ لە فەرەنسادا , لە ڕاپگەیاندراوێكیدا دەڵێ : " ئەو چیرۆكانە مردوون كە پشت بە ڕەگەزی پاڵەوان دەبەستن هەروەها گاڵتەی بەچیرۆكنووسی تیۆریی تەقلیدیی دەهات كە كەسێتیی مرۆڤ تێیایدا ڕۆڵ دەبینێ , هەروەها لایەنگری ئەوە دەكات كە چیرۆكنووس لایەنێك لەو كەسێتییە سەرمایەدارە وەردەگرێت كە ڕۆلی پاڵەوانییەتی تێدا نییە , هەربۆیە ڕووی كردە وێنا كردنی جیهانی دەرەوەی شتەكان دوور لە وێنا كردنی ناخی پاڵەوان , مرۆڤی پەراوێز خست تەنها وەكو ژمارەیەكی ئاسایی لە قەڵەمی دا , ئەمە ڕێك لەگەڵ ئامانجی ڕوخاندنی لایەنی هونەرییە لە چیرۆكدا بە شێوەیەكی ڕەها , ئەویش پەراوێز خستنی مرۆڤە , كە لە بنەڕەتدا لایەنێكی جوانناسیی هونەرە لە هونەری چیرۆك نووسیندا ")( ١٨ ) ئالان ڕۆپ گرێ , پێی وایە بوونی مرۆڤ وەكو پاڵەوان یان كەسێتیی هیچ بەهایەكی نییە , بە تایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا .

**جاستۆن باشلار :ـ**

( هەر شوێنێك مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بوو ئەو شوێنە چەمكی ماڵ یان خانوو وەردەگرێت , مرۆڤی بێ ماڵ و حاڵ بوونەوەرێكی لانەوازە )( ١٩ ) ماڵ وەكو ڕۆحە جەستەیە ژیانی لێ دروست دەبێت شوێنێكی ئارام و پارێزراوە لە كاتی سەرماو گەرما مرۆڤ دەپارێزێت , ئەو سروشتە جوگرافییەیە كە ڕووداوەكان تێدا ڕوودەدەن ئەو كۆمەڵگایەی دەوری لێ داوە بێ شك كاریگەری سروشتی جوگرافیاكە بەسەر كەسەكاندا دەبێت ( باشلار بیرۆكەی بابەتی بێ خود تێدەپەڕێنێت , لە خوددا بابەت بێ لایەن دادەنێ لە واقیعی دەرەكی دا )( ٢٠ ) ئەو بابەتانەی كە كەسێتی كارەكتەر تیایدا ڕۆڵ نابینێ بابەتەكە سەربەخۆیە و بێ لایەنە .

**ئەیان وات :ـ**

ئەو بۆچوونەی لۆك دووپات دەكاتەوە كە دەڵێ : ( هزرەكان دەبنە گشتی ئەگەر فاكتەری كات و شوێنیان لێ جیاكرایەوە )( ٢١ ) كات و شوێن بۆ ناساندنی كەسێتی و سەردەم و ژینگە و بارودۆخ و ئاستی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی زۆر گرنگە , ئەگەر ئەم دوو ڕەگەزە نەبێت , یان بیرۆكەكە,كات و شوێنی لێ جیا بكرێتەوە سەرنجمان بۆی ناوروژێ, دواتر بە بیرۆكەیەكی گشتی و ئاسایی دەژمێردرێ.

ئەحمەد ئیبراهیم ئەلهەواری دەڵێ : ( لە قوتابخانەی ڕۆمانی نوێدا , سەردەمی فۆڕمی تاك بەسەر چوو , كەسی یەكەم لە ڕووی فۆڕمی چیرۆكدا باوی نەما , ئەو متمانەیەی خۆی لەدەست دا وەكو خود , بەڵام وەكو كەرستەی هونەری ئەركی مرۆڤ لە خودەوە بۆ بابەت گواسترایەوە , بە واتایەكی دیكە لە خودی مرۆڤەوە بۆ جیهانی دەرەوەی مرۆڤ , هەر یەك لە كەل و پەل و شتە بەرجەستەكراوەكانی دەور و بەری مرۆڤ , لێرەدا مەبەست لە كردەوەكانی مرۆڤ نییە , بەڵكو بۆ شتەكانی دەوروبەرییەتی كە مرۆڤ كاریگەرە پێی )( ٢٢ ) لە ڕۆمانی نوێ یان ڕۆمانی نا ڕۆمان "anti roman" یان كورتیلە چیرۆكدا پاڵەوان لە كەسە گومناوەكانە كە پاڵەوانییەتییان تیادا نییە ( سەردەمی نوێ سەردەمی كەسە بەناوبانگەكان و دیاریكراوەكان نییە لە ڕووی ڕوخسارەوە , بەڵكو سەردەمی كەسە گومناوەكان و ئاسایی و سادەكانە لەناو خەڵكدا )( ٢٣ ) مەزراندنی شوێن لە

گۆشەنیگایەکەوە دەبێت و چەند شێوەیەك یان بە چەند ڕەهەندێك لێك دەدرێتەوە , بەیەکجاری وێنەی شوێنەکان ناکێشرێت بەڵکو یەك لەدوای یەك بە پێی وەسفی شوێنەکەو کاتی چیرۆکەکە .

**سیزا قاسم :ـ**

لە وەسف کردنی شوێن لای بلزاك , ( سیزا قاسم جەخت لە پەیوەندی تەواوی نێوان شوێن و کەسێتیی لە چیرۆکەکانی بلزاك دەکاتەوە ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کەسێتییەکەیدا و ئاوێنەی هەڵس و کەوتییەتی , هەروەها شوێن کەسێتیی مرۆڤ دەردەخات , شوێن سیفەتی خوازەی بەرەڵلای هەیە بە هۆی وەسفی وردەوە خانوەکەو دانیشتوانی خانووەکە وەکو یەك ئەرك دەبینن )( ٢٤ ) نموونەی کورتیلە چیرۆکی حەمە کەریم عارف ( خوایە دەنگێ ڕەنگێ , سێبەرێ , بزەی چاوێك ... بۆ هاودەمی تەنیایی ئەمشەوەم )( ٢٥ ) چیرۆکنووس لە" زام و ژان و ئاگر" خەیاڵی کەسێك لە ژوورێکدا بە تەنیایی لە چاوەڕوانی بیەکی کوشندەدا , دیوارەکان مۆرەیان لێ دەکرد , تا لە پە نجەرەکەوە سەیرێکی دیمەنی چیمەنەکەی بەرامبەری سەرنجی ڕادەکێشێ , ئیتر باغچەکەو سروشت وەرچەرخانێك لە بیرکردنەوەی دروست دەکەن خەیاڵی سەرتاپا داگیر دەکەن , نامۆیی و تەنیایی ئازاری چاوەڕوانی لە بیر دەباتەوە , دیارە ڕەنگی چیمەنی سەوز و دەوەن , ڕەنگی شینی ئاسمانی ئارامی پێ دەبەخشن ( دەبێ هەموو کەسێك , ئێمە ئاسا شەیدای سروشت بێت؟ )( ٢٦ ).

تائەرکی شوێنەکە لە چیرۆکدا دەرنەکەوێت , چیرۆکە شوێن لە کاتی خوێندنەوەیدا دەرناکەوێت .

شوێن ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە تەکنیکەکانی کاتدا بەتایبەتی لە پێشخەری (الاستيباق) گەڕانەوە فلاشباکدا هانی بیرکردنەوەو خەیاڵ دەدات کە لە شوێندا بوونیان هەیە . پەیوەندی لە نێوان شوێنە جیاوازەکان لە ڕووی واتا و خۆشییەوە دەوڵەمەندی دەکات . ( لەبەر ئەوەی پاڵەوان لە منداڵدانی کۆمەڵگا لە دایك دەبێ , مانای وایە پاڵەوان ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەلایەتییە , بە هۆی ئەو چەمکەوە بە یەکێك لە تەوەرەکانی کۆمەلایەتی ڕووت دادەنرێت )( ٢٧ ) زۆر لە ڕووداوی چیرۆکی ڕیالیزمی و خەیاڵی و خورافییەکان , تەنها بەناو هێنانی شوێنەکە کەتیایاندا مرۆڤ کارەکتەری سەرەکیی نەبووە , هەموو ڕووداوەکە بە شوێنەکە دەناسرێتەوە . بەلام مەرج نییە ئەو ڕەنگدانەوەی سەرەوە لە گشت پاڵەوانێکدا هەبێت , ئەمە زەمینەی ڕەخساند کەوا , پاڵەوانیەتی تەنها لە کەسێکدا , کۆنەبێتەوە , بەڵکو پاڵەوانییەتییەکە بەسەر گشت ئەو تاکانەدا دابەش بکرێت هەریەکە بە پێی ڕۆڵ و داهێنانەکەی پشکی بەر کەوێ یان پاڵەوانیەتیەکە بۆ شوێن و کاتی سەر هەڵدان و بیرو باوەڕەکە بێت . بە واتایەکی دیکە ڕابەرایەتییەکە لە هەندێ بارو دۆخدا کەمرۆڤ تەنها ڕۆڵی پەراوێزخراوی هەیە , وەکو تاك بەلام وەکو کۆمەڵ پاڵەوانییەکە بۆ مرۆڤێك نییە بە تەنها بەڵکو بۆ هەموانە , لێرەدا ناکرێت یەك یەك ناوی مرۆڤەکان وەك پاڵەوان دەربخرێت , بەڵکو بەناوی شوێنەکە کە چوارچێوەیەکە گشت تیایدا بەشدار بووە ئەژمار دەکرێت , یان بۆ ئەو شوێنەیە کە پیرۆزییەکی تێدایە . ڕووداوەکە یان کارەساتەکە تیایدا شوێن ئەوەندە کاریگەری لەسەر بووە یان ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕاندنی یان ئاراستەکردنی بەشێوەیەك کاریگەری لە پاڵەوانی مرۆڤ زیاتر بووە , لێرەدا پاڵەوانەکان ئەگەر مرۆڤ بن زۆر پەراوێزن بەلام شوێنەکە کە چوارچێوەی خاڵی یەکلاکەرەوەو وەرچەرخان و مەڵبەندی گۆڕانکارییەکانە . هەندێك جاریش مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە , ئەو شوێنەی کە بە پیرۆز ئەژمارکراوە جارێکی دیکە وەك پاڵەوان دەناسرێتەوە .

کات و شوێن بەجیا هەریەکەیان هەروەها بەیەکەوەش ڕۆڵ دەبینن لە دیاری کردن و دەرخستنی کەسێتی کارەکتەر , هەروەها ناسینەوەشی . کەسێتییەکان بە پێی کات و شوێن دەناسرێنەوە لەلایەن خوێنەرەوە لەکاتی ئەنفالەکاندا سوتاندن و سوتماك کردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن پیاوەکانی ڕژێمی لەناوچوو ئە نجام دەدرا , بۆیە هەر کەناوی هەڵە بجە وئەنفال دێت یەکسەر ئەم هەموو کەسێتییە شەڕانگێزانەمان بیردەکەوێتەوە لەسەر ئەرزی واقیع , لە نێوان ٢/١٨ تا١٩٨٨/٩/٦ ڕۆڵی دژ بە مرۆڤایەتیان بینیوە ,کە باس لە "عەرعەر" دەکرێ یەکسەر کەسوکاری و ئەنفال کراوەکان بیریان بۆ ئەنفالکراوەکان و جەللادەکان و ئەنفالچییەکان دەچێت . ( لەڕوانگەی تیۆری تەقلیدی ڕۆمانەوە , کات وشوێن ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە دیاری کردنی خەسڵەتەکانی کارەکتەر و ناسینەوەی ئەوان لەلایەن خوێنەرەوە )( ٢٨ ) ئەم دوو ڕەگەزە گرنگەی چیرۆك دەبنە پێناسەو

وەسفكەر و دەرخستنی كەسێتی ڕاستەقینەی كارەكتەر. (كات و شوێن ڕەهەندە دەروونی و كۆمەڵایەتیی و هزرییەكانی كارەكتەر لە چوارچێوەیەكی مێژووییدا دیاری دەكەن و ئەوە ڕوون دەكەنەوە كە ئەوان نموونەی یان وێنەی مرۆڤی چ سەردەمێكن و لەوكاتەدا جۆری سستەمی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەوشتی ئەوان چۆن بووە)( ٢٩ ) كات ڕەهەندە مێژووییەكە دیاری دەكات كەوا لە چ سەردەمێك بووە , شوێنەكە بە پێی سەردەمەكە وەسف دەكرێ . ئەگەر باس لە گرتووخانەی نوگرە سەلمان بكەین یەكسەر جەللادەكانی وەكو ڕائید حەمدان و عەریف حەمدون و قوربانییەكانی پاشماوەی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ وەبیر دێنێتەوە , كە دۆخی دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئازارو ئەشكەنجە و برسی كردن و تۆقاندنی قوربانیەكانە ( ئامانج و مەبەستی فەنتازیا لە ئەدەبدا جیاوازیەكی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئەدەبی واقعی تەواو هەروەها وەكو ڕاستییەكی ڕەها ناناسرێ لە چیرۆكدا بەڵكو زۆر جار بە شێوەیەكی گریمانەیی دەبینرێت)( ٣٠ ) گریمانە , ئەدەبی فەنتازیا لە ئەدەبی واقیعی جیادەكاتەوە.

لە ڕێگای وەسفی وورد و مانای پەیوەندیدار بە كارەكتەر , بە هۆی هەردوو ڕەگەزی كات و شوێن جۆری كەسێتییەكە لای خوێنەر ئاشكرا دەكەن . ( لە ڕۆمانی ڕیالیزم و بەتایبەتی ڕیالیزمی سروشتیدا , كارەكتەر كرایە نموونەی مرۆڤی واقیعی ڕۆماننووسەكان هەوڵیان دەدا لە ڕێی كۆمەڵێ سیفەت و خەسڵەتەوە لە مرۆڤی ناو كۆمەڵگا نزیك بكەونەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە نوێنەری ئەوان لە ڕووی چینایەتی و ئەدگارو خەسڵەتەكانیانەوە هەروەها كارەكتەر لەم جۆرە ڕۆمانەدا خرایە چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتییەوەو ژیانی گرێدرا بەكات و شوێنێكی دیاریكراوەوە وەكو مرۆڤێكی زیندووی خاوەن ناو و نازناو و بنەماڵەو پیشە سەودای لەگەڵ دەكرا)( ٣١ ) لە ڕیالیزمدا وەرگرتنی واقیعی ئەوشتانەی بەرچاو دەكەون وەكو خۆی یان بە شێوەی ڕەخنەیی یان بەشێوەی ڕەخنەو چارەسەر بۆ ڕەخنەكە , مرۆڤ وەكو خۆی هەیە لە ناو كۆمەڵگادا بە شێوە سادەو ساكارەكەی دەخرێتە ڕوو بە هەموو كەم و كوڕیەكانیەوە .

**بەشی یەكەم :**

**تەوەری یەكەم :**

**شوێن وەك كەسێتی , مەرج نیە پاڵەوان تەنیا مرۆڤ بێت ؟**

مەرج نییە پاڵەوان هەرمرۆڤ بێت , ڕاستە مرۆڤ كارەكتەری بەرەو پێش بردن و گەشەكردنی ڕووداوەكانە بەڵام هەندێجار شوێن وەك پاڵەوان دێتە بەرچاو بە شێوەی ( لە خۆوە ) خۆرسك گێڕەرەوە شوێنە گرنگەكان كاتە گرنگەكان بەر لە مرۆڤەكان وەك پاڵەوان دەگێڕێتەوە. لە كارەساتی كیمیا بارانی هەڵەبجەدا , یەكەمجار وەك پاڵەوان باس لەكەسەكان ناكرێت كە ژمارەیان نزیكەی پێنج هەزار مرۆڤی كوردە , بەڵكو باس لە كیمیا بارانی شوێنەكە دەكات كە "هەڵەبجەی شەهیدە" یان شاعیران و نووسەران كە باس لەم كارەساتە دڵتەزێنە دەكەن وەك تێلنیشان دەڵێن هەشتاو هەشت یان بە "شانزدەی سێ" , یان "هەڵەبجەی شەهید" ناوی دەبەن . ئەگەر ئەم دوو ناوە لێكدراوە شی بكەینەوە بە هەردوو ڕووەكەیەوە یەكەمیان هەڵەبجە سیفەتی مرۆڤی وەرگرتووە كە شەهید بوونە ئەمە لە ڕەوانبێژیدا بوونی ئاساییە , بەڵام بەڕووەكەی دیكەوە هەڵەبجە وەكو پاڵەوانێك ئەژمار كراوە لە ململانێیەكدا هەروەكو مرۆڤ شەهید كراوە , دیارە یەكەم كەس لەم ڕووداوەدا "هەڵەبجەی شەهید"ی بەكار هێناوە بە هەڵەدا نەچووە بەڵكو ڕاستی گوتووە "هەڵەبجە" كە شوێنە و پانتاییەكی جوگرافییە لە خاكی پیرۆزی كوردستان وەك هەر پاڵەوانێكی دیكە لە كارەساتێك و ڕووداوێكی نێونەتەوەیی ئامێز , شەهید بووە وەكو ئەو پێنج هەزار مرۆڤە , لەكاتی خۆیدا پرسەی بۆ دانراوە لە دڵ و دەروونی مرۆڤی بە ویژدان بەهۆی بەرژەوەندی زلهێزەكانی جیهان ئەم ڕووداوە گەورەیە كپ كراوە بەڵام لەدوای ئازاد بوونی بەشێك لە كوردستان , هەموو ساڵێك یادی دەكرێتەوەو ئەوەندەی تر بەنەمری دەمێنێتەوە , دیارە ئەو پێنج هەزار مرۆڤەی كە لە هەڵەبجەدا كەوتنە ژێر ئەو كاریگەرییەی كە بەسەر شوێنەكەدا هاتووە بەبێ ویستی خۆیان (,,ئیتر هەناسە گەرمەكانی عومەری خاوەر و مناڵە ساوایەكانی هەڵەبجە پڕ بە بەهەشتەكانی هەڵەبجە هێمن هێمن ئەسوڕانەوە و بەدەم پێكەنینەوە چاوەڕێی ٢١ ی بەهار

بوون كە ئەمە دیمەنێكی جوانی نێو ئاقارەكانە كە ناسراوە بە نەورۆز....ئەو ڕۆژە بوو لە نێو جەنجاڵیا ئەهریمەنەكان بەبێ بەزەیانە قۆدگایەكانیان ئەكرد بە دیاری یەكتری و لە پەنا دیوارە جەهەنەمیەكان بە دەنگی بەرزەوە بەدەم یەكەوە پێدەكەنین ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بوو لە نێو گوڵدانە گەنم ڕەنگەكانا ٥٠٠٠خونچەی جوان و ناسك سیس بوون ئا ئا ئەم ڕۆژە بوو كە هەموو دەنگەكان بەبێ دەنگی كپ بوون و لە ژێر دارو دیوارا..سەمایەكی كەمیان كردوو بوون بە ئەفسانە )( ٣٢ ) كەواتە "شوێن" یان "هەڵەبجە "ئامانجی یەكەم بووە بۆ ڕژێم بەڵام پێنج هەزار مرۆڤەكە ئامانجی دووەم بوون , چونكە لەكاتی كارەساتەكەدا ڕژێمی بەعس مەبەستی جینۆسایدكردن و سووتماككردنی شوێنەكە بووە یان لەناو بردنی شوێنەكە بووە لەبەرگرنگی و ستراتیژی شوێنەكە چ بۆ شەڕی قڕ كردنی كورد چ لەدژی وڵاتی ئێرانی دراوسێ , بۆ ئەوەی ئەم شوێنە جارێكی دیكە ژیان بە خۆیەوە نەبینێت , لێرەدا مرۆڤی كورد لەگەڵ خاكی نیشتمانی دایك بەیەكەوە بریندار دەبن و بەیەكەوە شەهید دەبن و بەیەكەوە دیل دەبن و بەیەكەوەش یادیان دەكرێتەوە, شەهیدە مرۆڤەكان لەگەڵ خاكی هەڵەبجەی دایك دەستلەملانێ دەبن هەتا هەتایێ لە ژێر گڵكۆی نەمری ئاوێتە دەبن , ئەو مێژووە پڕ لە خوێن و ئاگرە داخۆ ئەمە چەندەم جار بێ هەردوو پاڵەوانەكە چینێك بە جەستەی خۆیان لە خاكی نیشتمان دروست بكەن , خوێن و خۆڵ تێكەڵاو و ئاوێتەی یەك بن یەكەیەكی لە خۆیان گەورەتر دروست بكەن كە ئەویش "خاكە"خاكی پیرۆزی هەڵەبجەیە هەربۆیە ئەم شوێنە كە "هەڵەبجەی شەهید"ە بووە هۆكارێكی سەرەكی هەستی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهاندا جوڵاندەوە بە ڕەوایی خۆی , كوردی چەند هەنگاوێكی زۆر گرنگی بۆ پێشەوە برد هەر بۆیە لێرەدا ناوی هەڵەبجە هەتا هەتایێ بە نەمری دەمێنێتەوە ئەم شوێنە وەكو هیرۆشیماو ناكازاكی خۆی خزاندە ناو مێژووی پڕ لە سەروەری جیهانەوە ئەگەر ئەم شوێنەو ئەم كارەساتە مەرگ ئامێزە نەبووایە ناو ناوبانگی هەڵەبجەش بەم شێوەیە نەدەبوو لە جیهاندا كە ئێستا واناسراوە دۆست و دوژمن ئاماژە بۆ ڕەوایی كێشەی كورد دەكەن , هەڵەبجەو هەڵەبجەییەكانیش وەك پاڵەوان ناسران.

**شوێن وەكو پاڵەوانی كارەساتێكی ناسراو :**

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە كورتیلە چیرۆكی "دارەكەی بەرماڵمان"پیرەداری گوندەكەیان كە لە بەر ماڵێكدایە لەسەردەمی بابانەكانەوە بوونی هەبووە , دارەكە جۆگایەك و ئەو ڕێگایەی كە بۆ گوندەكە دەچێ جیایان دەكاتەوە , كە لە بەر ماڵەكەیاندایە , تا لەكاتی سوتاندن و تەخت كردنی گوندەكان وپەڕاگەندە بوون و لەناوبردنی دانیشتوانی گوندەكە لەلایەن ڕژێمەوە , دارەكەو گوندەكە و خەڵكی گوندەكە بەر ئەم شاڵاوە دەكەون , ئیتر لەدوای تەواو كردنی خوێندنی دواناوەندی لە كەركوك , دامەزراندنی لە یەكێك لە قوتابخانەكانی دەوروبەری شاری كەركوك , لە دوای دووساڵ شەڕی نێوان ڕژێم و شۆڕشی كورد دەست پێدەكات , سەرەڕای ئەوەی دارەكە هەموو كاتێك لە هزرو لەگەڵیدا دەژیا مامۆستا زۆر بیری دارەكەی بەرماڵیانی دەكرد , بە هۆی بارودۆخی ئەو سەردەمە بە شەو سەردانی گوندەكەیان دەكات بۆ بینینی دارەكە كە شوێنی سێبەر و یاری كردن و خوێندن و ئاهەنگ و زەماوەند و پیاوەرێكیش بوو بۆ باڵەخانەو وشتی دیكە , ڕەمزو شانازییەك و سومبوڵێكیش بوو بۆ گوندەكە , دارەكە جگە لە سروشت و بەخشینی جوانی و سێبەر و گەڵاو ڕەنگی ئاڵ واڵا لەكاتی كارەسات و مەینەتییەكاندا وەكو ناسنامەی مرۆڤی كورد بەشی خۆی وەردەگرێت و بەشداره لەمەینەتییەكانیدا كە چەندین جار هەروەكو مرۆڤ و خانوبەرشاڵاو دەكەوێت (زانیم لەگەڵ...زۆر لە براكانما...لەگەڵ باوكەكانا...لەگەڵ باپیرەكانا...دارەكەش سووتێنراوە! )( ٣٣ ) داگیركردنی خاك و سروشت سوتماككردنیان , جیاوازی نەكردن لە نێوان مرۆڤی كورد وگوندو خانوەكەی و سروشت سوتاندنی تەڕ و وشك بە یەكەوە .

**شوێن وەك پاڵەوانی كارەساتێكی ناسراو :**

چیرۆكنووس , ناونیشان و پاڵەوانی چیرۆكەكەی لە نێوان كەسێتیی و شوێندا دەخولێتەوە .

( دەمەوێ ئەم شارە بە خانمە ژنێكی جوان بچوێنم )( ٣٤ ) .

هەروەها نووسەر دەڵێ : ( "ئەو شارە چ سەرێکی گەورەی هەیە" مەبەستی لە قەڵا بوو )( ٣٥ ) ئەم شارەی بووەتە خاڵی چڕ بوونەوەی سونبوڵی خەبات و تێکۆشانی گەلێك بە درێژایی مێژووی ئەم شارە , نووسەر گەرەکییەتی ناسنامەی شارەکەو برایەتی و پێکەوە ژیان بە بەڵگە بسەلمێنێ , ئەم شارە بە گشت ناوەکانییەوە پاڵەوانی سەردەمەکانیان بوون , سەردەمی ئاینی زەردەشت و ئاینی موسا پێغەمبەر و عیسا پێغەمبەر و محەمەد پێغەمبەری ئیسلام درودی خوایان لەسەر بێت , هەروەها لە دیوەخانەی میرەکان و تەکییەو خانەقاکان بوونی هەبووە هەر لەکۆنەوە ( بەڵام شارم نەدیوە ئەوەندە ناوی لێ نرابێ : کرچینی , ئارا بخا , ئەرەبخا , "جەلیل دوستویەڤسکی و پاڵەوان حەکیمانی یۆنان و ئەسپارتە دەکات بە شانازییەوە دەڵێت:"من خەڵکی ئەرەبخام". گورگورا , کرخ سلوخ , گارگوك , کرکیس , کرسخ , گەلێ ناوی دیکەی تریش , دوور نییە لەمەو دواش ناوی دیکە لێبنرێ... )( ٣٦ ) هەر ناوێك لەم ناوانە بەقەد باڵای ئەو ناوەی شاری کەرکوك بووە لە سەردەمەکەی خۆیدا , ئەگەر بە چالاکیی و سەرکەوتنەکانی شاری کەرکوك بێت , ئەم شارە جێگای شانازی و ستایشی خەڵکی کوردستانە بەگشتی ( ئەوەی جێی سەر سوڕمانە. ئەو هەموو مێژوو نووسانە , ئەو حەمکە شیعرو بەیتانە , ئەو حەکایەتە سەیرو سەمەرانەی نێو دیوەخانان و تەکیەو تەورات و کڵێسەو ئاتەشکەدەکان تەمەنی ڕاست و دروستی ئەم شارە جوانە ئەم خانمە ژنە یان دەر نەختسووە )( ٣٧ ) نووسەر مێژووی ئەفسانەیی شارەکە دەباتەوە پێش ئاینی زەردەشتییەکان و هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکە , هەروەها سیفەتی مرۆڤ دوو جار بە شاری کەرکوك دەبەخشێت , هەروەها لە ڕووی جوانییەوە وەکو خانمە ژنێکی جوان وەسفی دەکات , ئەم شارە جێگای شانازی یۆنانییەکان و ئەسپارتەییەکان بووە , کانگای بەها پیرۆز و مێژوویی و مرۆڤایەتییەکان بووە , لە مێژووی ڕزگاری خوازی میللەتی کوردیش , خاڵی سەرەکیی و ململانێی گشت شۆڕش و ڕا پەڕینەکان بووە لە دژی داگیرکەران , تائێستا هەزاران شەهید دراوە لە پێناویدا , خەبات هەر بەردەوامە تاگەیشتن بە باوەشی نیشتمانی دایك , لەم چیرۆکەدا شاری کەرکوك پاڵەوانی لاپەڕەکانی مێژوو و بەرەنگار بوونەوەی دوژمنان بووە , ئەم شارە جگە لەوەی مەنزڵگای "دانیال" پێغەمبەرە , جێگای پێکەوە ژیانی ئایین مەزهەب و نەتەوەکانە , هەروەها ئەم شارە بووەتە ناونیشانی مەسەلەیێکی گەورەی کورد و هەروەها بووەتە ناو نیشانی چیرۆکەکە.

شوێن وەکو پانتاییەك کە ڕووداوی تێدا ڕوودەدات , زۆرجار بەهۆی گرنگیی و پیرۆزیی و بایەخ و پێگەییەوە ئەوەندە دووپات دەبێتەوە, وەکو پاڵەوانی سەرسەختی ڕووداوەکە ئەژمار دەکرێت , لە چیرۆکی ( سەهێن زۆزانان ) کە نووسەر لە دوو کەسی ناوداری بیستوە زیاتر چیرۆکێکی ڕیالیزمییە نەك خەیاڵی کە لەگەڵ ئەوەی پاڵەوانەکەی ئاژەڵە ( ژبەرێ دە ژکوردستانێ پەز تێ سووریێ , فەلەستینێ وجارنا دچە هەتا مسرێ ژی... پەزێن کوردستانێ ل بازاڕێن ڤان وەلاتان پر مەقبوولە..ژێ رە پەزێ مۆر دبێژن )( ٣٨ ) خاوەن جەڵەبێك بە سەگێکی خۆماڵییەوە لە شاری ئەرزروومەوە بۆ شارۆچکەی زبدانی وڵاتی سووریا دەبات بۆ فرۆشتن , دیارە پەزی کوردی لە سووریاو فەلەستین و تامیسر زۆر بە بایەخ و پڕ بەها سەیر دەکرا , خاوەن جەڵەبەکە ماوەیەك لە سووریا دەمێنێتەوە, زستانی ساردو سڕی پڕ بەفری بەسەرداتێ بەناچاری پەزەکەو سەگەکە دەفرۆشێتە خاوەن ماڵی خانە خوێ ,کە ئەوماوەیە میوانداری کردووە دیارە زبدان , شوێنێکی پڕ لەدارستان و گەلەگورگی زۆر بووە , زۆر هێرشیان بردۆتە بەر جەڵەبەکە بەڵام سەگی زۆزانان زۆر بە ئازایی پەزەکەی پاس دەکات خاوەنەکەی زۆر دڵی بەم سەگە خۆش دەبێت و بە سەرسوڕمانەوە لە سەگەکە ڕادەمێنێ لەدوای چەند ساڵێك , سەگەکە ماندوو و پیر و جەستەی پڕ برین دەبێت لە ئە نجامی ململانێی لەگەڵ گورگەکاندا, ماوەی دوو مانگ بزر دەبێت , لەم ماوەیەدا سەگەکە دەگەڕێتەوە کوێستانی ئەرزرووم زێدی خۆی دوو سەگی دیکەی تەمەن بچووکتر وەکو خۆی ئازاو خورت , بۆ پاس کردنی مەڕەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆ شارۆچکەی "زبدان"ی سووریا ئەمجارەیان بە هەرسێکیان شەڕی زۆر قوڕس لەگەڵ گەلەگورگەکان دەکەن یەك بەیەك دەیانخنکێنن , خاوەن پەزەکە زۆر دڵخۆش و سەرسام دەبێت بە هەڵس و کەوتی سەگەکان دوای ئەم هەموو وەفاداریی وئازایەتیی سەگە بریندارەکە , دواتریش پیردەبێت و لەناودەچێت , دوای چەند ساڵێك خاوەنە ڕەسەنەکەو هاوڕێ یەکەی چاویان بەیەك دەکەوێت لە "زبدان"ی سووریا , سەرسامی خۆی بۆ سەگەکان دەردەبڕێ کە ڕەهەندێکی جوگرافی هەیە ئەویش کوردستانە. ( دەتوانرێ کەش و هەوای فەنتازیا بێتە هۆیەك بۆ دەرخستنی کەسێتییەکان , لە لایەن سۆزەوە دەتوانرێ

لە ژینگەی جیادا بگۆڕێ هەروەکو لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا , شتەباوەکان پەیوەستن بە شوێنە دیاریکراوەکان . لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ بنوارینە هەمان گرێچن کە نووسەرێکی واقعی دەیبینێ )(٣٩ ) لێرەدا پاڵەوانی ئەم ڕووداوە دووانن یەکەمیان"شوێنە"کە "ئەرزرووم" و "کوردستانە" دووەم پاڵەوان ئاژەڵە بەڵام پەروەردەی کوێستانی کوردستانی باکورە . هەردوو پاڵەوانەکە ڕەهەندی نەتەوەیی ونیشتمانی و ئازایەتی و دڵسۆزی تیایاندا بەدی دەکرێ , لێرەدا کوێستانی ئەرزرووم دەبێتە پاڵەوانی ڕووداوەکە , یان چیرۆکەکە بە هۆی دژواری و سەختی و سەرماو دارستانی چڕی شوێنەکە ئەم جۆرە سەگەی لێ پەیدا دەبێت کە ڕەهەندێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە.

**قەڵای دم دم :**

وەکو شوێنێکی یەکلاکەرەوەی ململانێی نێوان شا عەباسی سەفەوی و عەشیرەتی برادۆستی کوردی بە سەرۆکایەتی خانی لەپ زێڕین , ماوەی چوار مانگ لە بەرگری کردن لەم قەڵایە سەخت و دژە بۆ دوژمنان ئارام وپیرۆزە بۆ شۆڕشگێڕان دەبێتە هۆی دروست بوونی شانازی و گیانبازی و سەرکەوتن بۆ برادۆستییەکان , ناوی قەڵای دم دم یش دەبێتە داستانێکی پڕ لە سەروەری و شانازی بۆ میللەتی کورد , داستانی قەڵای دم دم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی"١٩٠٧ـ ١٩٠٨"ز لە نێوان شا عەباسی سەفەوی و خانی لەپ زێڕینی برادۆستی , لە نزیك دەریاچەی ئورومییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

( مەنەخۆفێ خانی تەیمووری یا

بەلا ناکە خەلقێ مە لە چیا

تاجێ تە قبوولێ ناکەم

کوردستانێ بێ ناڤ ناکەم )(٤٠ ) .

قەڵای دم دم و زۆربەی قەڵا دێرینەکانی کوردستان و جیهان دروست کراون بە مەبەستی ژیان و بەرگری کردن لە دەستدرێژی نەیارەکان , دەتوانرێ بگوترێ شوێنی پاڵەوانییەتی ئەو مرۆڤانە بووە خوازیار بوون ژیانێکی سەربەرزانە و مەردانە گوزەر بکەن , دوور لە ژێر دەستی و داگیر کاری , قەلای هەولێر لە مێژوودا بە( قەڵای هۆلاکۆی بەزێن ) ناسراوە , دیارە بە ئازایەتی مرۆڤەکانی ناو قەڵاکە دووژمن بەزێنراوە , بەڵام هەڵکەوتەی قەڵاکەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ژێر خستنی دووژمن بە هۆی سەختی و بەرزی قەڵاکە , کەواتە پاڵەوانییەتی بۆ قەڵاکەو و بۆ مرۆڤەکانە , هەردووکیان تەواو کەری یەکترن لە بەرگری کردن , دووژمن لەکاتی پەلاماردانی شوێنەکە , پێویستی بە کەسانێك هەیە , بەسەر قەڵاکە بکەون و بەرگری لە خۆشیان بکەن , لە هەمان کاتدا ئەمەش کار و ئەرکی پەلامارکردنەکە زۆر گران دەکات , لە هەمان کاتدا کاری بەرگری کەر , لە بەرامبەردا زۆر ئاسان دەکات , چونکە بەرگری کەر شەڕ لەگەڵ خوارەوەی خۆیدا دەکات لە شوێنی خۆیدا وورەی بەرزە لە شوێن و سەنگەری پتەو تۆکمە و بە هێزە بێ ئەوەی ئەرك و ماندوو بوون ببینێ وەکو پەلاماردەر , لێرەدا شوێن و ناوی شوێن ڕۆڵێکی کارا دەبینێ کە ڕووداوێکی لە جۆری هێرشەکەی شا عەباسی سەفەوی بە هێزێکی زۆر و چەك و جبەخانەی ئیمپراتۆرێکی وەکو ئیمپڕاتۆری سەفەوی بۆ سەر شۆڕشگێڕە کوردەکان بە سەرۆکایەتی خانی لەپ زێڕین , داواکراو لەلایەن ئیمپڕاتۆری عوسمانلی , لە لایەك دوژمن , لەلایەکی دیکەش دوژمنی ناوەخۆ, لەلای سێیەم هێرشی سەفەوییەکان , توانرا بۆ ماوەی چوار مانگ لە قەڵاکە بەرگری بکرێت , دواتر بە هۆی ناپاکی خۆیی لەلایەن ( مەحمود مەرکانی کە چاو ساغی بۆ دوژمنی گەلەکەی دەکات و تاکە شوێنی سەرچاوەی کانی ئاو وبژێوی جەنگاوەرەکان بە دوژمن نیشان دەدات , دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی و گرنگ بۆ دوژمن بۆ داگیر کردنی قەڵای دم دم )(٤١ ) قەڵا کە دەبێتە هۆکاری سەرکەوتن , لەلایەك ژێرکەوتن لەلایەکی دیکە , بە هۆی کەمترخەمی جەنگاوەرەکان و ناپاکی "مەحمود مەرکانی" کە شوێنی سەرچاوەی کانیاوەکەیە, ناوەڕۆکی ڕووداوی داستانی قەڵای دم دم چیرۆکێکی مێژوویی تێدایە, کە باس لە قۆناغێکی دەرەبەگی دەکات .

**بەشی یەكەم :**

**تەوەری دووەم :**

**شوێنی پیرۆزو ئاشنا و شوێنی نەفرەت لێكراو دژ :**

یارانی ئەشكەوت ( "اذ اوى الفتيه الى الكهف فقالو ربناو اتنا من لدنك رحمه وهىو لنا من ىًمرنا رشدا" كاتێك لاوەكان پەنایان بردە بەر ئەشكەوتە كە و نزایان كرد , جا وتیان : پەروەردگارا لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەت و میهرەبانی تایبە تمان پێ ببەخشە و لە سۆزی خۆت بەهرەوەرمان بكە و ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازیمان بۆ بسازێنە لەم كارەماندا )(٤٢) لە بەڵگەیەكی دیكەی زیندوو بوونەوە دا لە دووا ڕۆژدا چەند لاوێكی ئیماندار كە دواتر دەبن بە یارانی ئەشكەوت لە خودا دەپاڕێنەوە كە لە سەردەمی پاشایەكی زۆرداری خوانەناسدا هەست دەكەن ئیمان و ژیانیان لە مەترسیدایە شوێنی مانەوەیان دژە , بۆیە ڕوودەكەنە ئەشكەوتێك , لەوێدا ماوەیەكی زۆر خوای گەورە بە ئارامی خەویان لێ دەخەوێنێ , ئەشكەوت وەك شوێن لەناو سروشتدا بە فەرمانی خوای گەورە بۆیان دەبێتە شوێنێكی ئارام و پیرۆز ڕزگاریان دەكات لەدەست پاشای زۆردارو خوا نەناس"ئەشكەوت و یارانی"كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە , ئەو شوێنەیە كە لە كاتی ڕووداوەكەوە تا ئەمڕۆ , لە چیرۆك و پەخشان و شیعر وەك شوێنێكی پیرۆز و ڕزگاركەری , ئەم كۆمەڵە لاوە , ناو دەبرێت , لە كتێبە پیرۆزەكاندا ناوی كەس و پاڵەوان و پاشا نەهاتووە تەنها ناوی ئەشكەوت وەك شوێنێكی پیرۆز هاتووە و شوێنی دژو نەفرەت لێكراو كە شوێنی فەرمانڕەوایی پاشا جێ دەهێڵن ڕوو لە ئەشكەوت دەكەن كە شوێنێكی ئارام و پیرۆزە , خوای گەورە ئەم بەسەرهات و ڕووداوە لەم شوێنەدا بۆ ئەو كۆمەڵە لاوە دەردەخسێنێ . لە چیرۆكە مێژوویەكاندا كات پاڵەوانی ڕووداوەكانە , (هەر چیرۆكێك یان ڕۆمانێك پەیوەست بێ بە ئایدۆلۆجیایەكی دیاریكراو پاڵەوانەكەی "شوێنە"( * ٢ ) وەك دەتوانین بڵێین پاڵەوانی چیرۆكی "خۆشەویستی خاك"ی بیرل باك پاڵەوانەكەی "شوێنە" )(٤٣) ئەوەندەی باس لە خاك و پیرۆزی وبەها نیشتمانی و نەتەوەیی دەكات باس لە پاڵەوانی مرۆڤ ناكات , لە واقیعی كۆمەڵی كوردەوارییدا بۆ نمونەی هەڵەبجە , چوار چرا , عەرعەر , نوگرە سەلمان , قەڵای دم دم . شوێن , بریتیە لەو سروشتە جوگرافیایەی كە ڕووداوەكان تیایدا سەرهەڵدەدەن , هەروەها ئەو كۆمەڵگایەی كە لەو چوارچێوەیەدا ژیان بەسەر دەبەن كارلێكردنی مرۆڤ و شوێن بریار لەسەر دژ بوون و ئاشنا بوون دەدەن (شوێنی دژ و ململانێ , ناتوانرێ باسكرێ تەنها لەو بابەتانەدا نەبێت كە هەڵچوون و وێنەی ناخۆش و كارەساتبارن , كەواتە شوێنی دژ پەیوەستە بە هەڵچوون و كارەسات ئامێزەوە , تەنانەت شوێن خۆی لە خۆیدا شوێنی دژ نییە )(٤٤) . شوێن خۆی لە خۆیدا شوێنی دژ نییە بەڵكو شوێنی ژیان و شوێنی ئاشنایە نموونە بەشێكی زۆری پاركەكانی ئەم سەردەمە كە شوێنی بەسەر بردنی كاتە بەخۆشیی , پێشتر شوێنی داپڵۆسین و ئەشكەنجە دان و شوێنی كوشتنی خەڵكی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەر بوو , كە شوێنێكی دژ بوو , بەڵام ئێستا شوێنی ئاشنایە ئەم جۆرە شوێنانە تەنها بۆ ئەو كەسانە دژە كە لەو شوێنانەدا توشی كارەسات و ئەشكەنجەو ناخۆشی بوون شوێنەكەو بارودۆخی ڕووداوەكان كاریگەریان لەسەر كەسێتییەكان دەبێ. مەبەست لە شوێن , لە كورتیلە چیرۆكی "دیاریەكی پەسند نەكراو" ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل (سەر تا دامان ، كراسە چیتەكەی یەخە دڕ كرد ، پێستی زیوینی سكی كەوتە دەر ، بەشێوەیەك قووت دیار بوو نیشانەی ئابڕوو چونی لە نەشارەزا ترین كەسەوە دیاربوو)(٤٥) ژنە كوردێكی لادێیی مێردەكەی لە بەغدا دەگیرێت , بۆ سۆراخ و پرسین دەچێتە بەغدا لەگەڵ كۆڕپەكەی فەرهاد دوای پرس و ڕا ڕێگای هات و نەهات دەگرێتە بەر , لە بەغدا شارەزا نییە و زمان نازانێت شەو دەكەوێتە دەست پۆلیس دواتر بۆ لای معاونێكی داوێن پیس دەبرێت و هەتك دەكرێت , ئەویش بە سەر شۆڕی وشەرمەزارییەوە بێ ئەوەی چاوی بە عەلی مێردی بكەوێت دەگەڕێتەوە گوندەكەیان دوای چوار مانگ هەموو شتێك ئاشكرا دەكات , پیاوانی گوند زۆر بە قەناعەتەوە ڕوو لە شاخ دەكەن بۆ تۆڵە سەندنەوە , ژووری معاونەكە پێویستە شوێنێكی پیرۆز وئاشنا بێت كەچی بۆ دایكی فەرهاد دەبێتە شوێنێكی دژ و ئابڕو بەرو نەفرەت لێكراو بۆ پیاوانی گوندەكەش بەتایبەتی بۆ خەڵكی بەشەرەف بەگشتی . (هەتاكو لە دێ یەكە ی خۆمان دوور نەكەوتمەوە هیچ زێ یەكم لە زێ یەكەی لای خۆمان بەرینتر نە دیبوو,... بەڵام ئێستا لە پایەتەختا لەگەڵ كتێبەكا نمدا لە ژوورێكی تەنگ بووینەتە هاوسەر)(٤٦) خوێندكارێكی لادێ

یی لە زانکۆ وەردەگیریٚ لە بەغدا , ژیانی سەرتاپا دەگۆڕیٚ , لە ژووریٚکی ئوتیٚلیٚکدا خەیاڵی دەفڕیٚ , وا هەست دەکات لە گەدەی نەهەنگیٚکدایە کە شویٚنیٚکی خەیاڵی و دژە لەم شویٚنە دژە هەر چەند هەوڵ دەدات ئەندیٚشەی دابڕیٚنیٚت لە دونیای دەرەوە , جاریکی دیکە خەیاڵی دەفڕیٚ بۆ دیٚ یەکەو سەردەمی منداڵی , ئەم جارەیان چاوی بە ناسکۆڵەیەك دەکەویٚت , لەش و لاری سەرنجی ڕادەکیٚشیٚ خەیاڵی ئەم جارەیان ناسکۆڵەکەش ڕا پیٚچ دەکات لەگەڵ خۆیدا , بەڵام لە دوا جاردا وابەستەی خۆی بۆ زەوی و ئاسمان دووپات دەکاتەوە بڕیار دەدات , وەکو کەسیٚکی واقیعی ژیان بەسەر ببات . ( پووره شوکری نەبوایە هەردووکمان لەو ژوورەیا ڕەق ئەبووینەوە... گویٚ ی لە هەناسە پڕ سۆزەکەی دایکی بوو کە هەموو جاریٚ لەگەڵ گیٚڕانەوەی ئەم قسانەیا هەڵی ئەکیٚشیٚ و ئەڵیٚ ئای کە ڕۆژیٚکی ڕەش و شاریٚکی خامۆش بوو... )( ٤٧ ) ئەگەر شویٚن یان خاك ونیشتمان لە ڕووی ئایدیۆلۆجیاوە ئازاد نەبیٚت , مرۆڤەکانیش ئازاد نابن لە کاتیٚکدا نیشتمان داگیرکرابیٚت , مرۆڤەکان زەلیل و ژیٚر دەست و سست دەبن , ژیان وەکو دۆزەخ بیٚ مانا دەبیٚت , باجە هەرە زۆرەکە ڕەگەزی میٚیینە دەیدات , هەروەها ڕەنگدانەوەی دەبیٚت لەسەر تاك لە ڕووی کۆمەلایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە , نووسەر لەم کورتیلە چیرۆکەدا باری ئاڵۆزو ژیانی زەحمەتکیٚشی خانەوادەی پیٚشمەرگەیەك کە بە کولە مەرگی و ترس و لەرز ژیان بەسەر دەبەن , ئەگەر هاوکاری پورە شوکری و خەڵکانی نیشتمان پەروەر نەبیٚت , لە سەرمان و لەبرسانا گیان لەدەست دەدەن , ئەگەر لە پرسیاری منداڵە باوك پیٚشمەرگەکە وورد بینەوە بۆمان دەردەکەویٚت , چەندە بیٚبەش کراون لە هەموو سۆزیٚك و مافیٚکی سەرەتایی , هەر لە بژیٚوی ژیان و نەبوونی پیٚداویستی خۆ گەرم کردنەوە , لای هەمووان ئاشکرایە کەماڵەوە شویٚنی پشوو دان و ئارام گرتنە و شویٚنیٚکی ئاشنایە , بەڵام بەهۆی دروست بوونی ئەو بارودۆخە دەروونیە پڕ لە ترس و نەبوونی پیٚداویستییەکانی ژیان نائارامە , شویٚنەکە بووە بە شویٚنیٚکی دژ کە خۆی لە بنەڕەتدا ئاشنایە . لیٚرەدا پاڵەوان دەیەویٚ خودی خۆی بدۆزیٚتەوە , لە ژینگەکەی خۆی بیٚزاربووە خوازیارە ئەو ژینگە جە نجاڵە بەجیٚ بهیٚڵیٚ بەرەو ئەو ژینگەیە بڕوات کە خۆی تیٚدا بدۆزیٚتەوە ، لە ژینگە واقعیەکەدا ڕای لە هیچ شتیٚك نییە ڕەخنە لە کۆمەڵگا و ئەو بارودۆخە چەق بەستوە دەگریٚ , ناڕازییە لەو ژینگەیە , بەدوای ژینگەیەك دەگەڕیٚ کە هیچ مەرجیٚك و قەیدیٚك و شەرتیٚکی نەبیٚ بە ئارەزووی خۆی هەموو ئەو حەز و ووزەو توانایەی کە تیٚدا هەیە بە سەربەزی و سەرفرازی دەربیبڕیٚت . دیارە ئەم جۆرە ژینگە تایبەتەش تەنها لە ژینگەی هەندیٚك شویٚنی ناوازە بوونی هەیە کە بە شیٚوەیەکی نموونەیی دەژین بۆ نموونە هەڵگری ئایدیای سۆشیالیزمی هیچ کاتیٚك ئەم دروشمە لە سەرتاسەری جیهان پەیڕەو ناکریٚ بەڵام بە ناچاری کەسانی هەڵگری ئەو بیرو ڕایە لە ژینگەیەکی تەسك پەیڕەو و جیٚ بە جیٚ ی دەکەن ئەگەر بە پیٚ ی فەلسەفەی ژیان بیٚت دەستە بەر کردنی ئەم دۆخە ئاسان نییە . دەست لەملانیٚ بوون و ئاویٚتە بوونی مرۆڤە لەگەڵ خاکدا , ئەوەندەی مرۆڤ بە زیندوویی لەسەر زەوی ژیان دەباتە سەر , زۆر لەوە کەمترە کەلە ژیٚر زەویدا لە ناو گۆڕدا دەمیٚنیٚتەوە , کەس نییە لە ئیٚمە خەیاڵی نەفڕی بیٚ بۆ ئەو شویٚنە ئەفسووناوییە , کە شویٚنیٚکی دژە , بۆ کەسیٚك لە ژیان بیٚزارە بە هۆی نەخۆشییەوە بیٚت یان هەر هۆیەکی دیکە بیٚت , گۆڕ شویٚنیٚکی ئارامە .

**بەشی یەکەم :**

**تەوەری سیٚ یەم :**

**خاڵە هاوبەشەکانی نیٚوان شویٚن لەگەڵ کەسییٚتی مرۆڤدا :**

١- لە ڕووداوەکاندا یەکلاکەرەوەن نموونەی : خەونیٚکی ناو دۆزەخەکە , خواستی جەنگاوەریٚکی بایی بوو .

٢- توانای لە ناوبردنیان هەیە. نموونەی : چاوەڕوانی , شەو , دارەکەی بەرماڵمان .

٣- ناو و ناوبانگ دروست دەکەن , نموونەی : قەلای دم دم , هەڵە بجەی شەهید .

٤- دەبن بە ناو نیشان و سەرە بابەت , تایتڵ. نموونەی : شوان و شویٚنەوار , خۆڵ و باران و پایز , بەسرەکا زیٚڕین.

٥ـ لە ڕووی هەڵسوڕاندنی ڕووداودا , هەڵسوڕێنەری ڕووداون , نموونەی : ئەستێرەیەك لە ڕۆژی ڕوونا , گۆڕ , ئێوارەیەکی شارەکەم.

٦ـ چارەنووسی شوێن و مرۆڤ

لەکاتی مەترسی لە ناوچووندا هەمان چارەنووسیان هەیە , بەسرەکا زێڕین , دارەکەی بەرماڵمان.

٧ ـ مرۆڤ زیندوویەتی خۆی لە شوێن وەردەگرێت و شانازی پێ دەکات , شوێن زیندوویەتی خۆی لە مرۆڤ وەردەگرێت , شوان و شوێنەوار , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە .

٨ ـ شوێن لەکاتی وەسف کردندا هەستێك مرۆڤ یان زیاتر لە هەستێك وەردەگرێت و گیانی بەبەردا دەکرێت , وەکو مرۆڤ دەردەکەوێت , ئێوارەیەکی شارەکەم , گۆڕ , ئێستگەی پاسی ژمارە , خواستی جەنگاوەرێکی بایی بوو , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە .

**بەشی دووەم : تەوەری یەکەم**

**بەخشینی هەستەکانی بینین و بیستن و بۆنکردن و بەرکەوتن بە شوێن :**

**لە ئێوارەیەکی شارەکەمی تاهیر سالح سەعیددا :**

(کوڕە باشەکانم ، خاوە خاو مەکەن ، توخوا ڕۆڵە با پیاتانا هەڵ نەشاخێ)(٤٨) لە کاتێکدا کە دایك زۆر دڵی بە منداڵەکانییەوە و بەڕێیان دەخات , وتەکانی کورت دەکاتەوە وەستای منداڵەکانی کە چاپچیە سیفەتی شاخ دەخاتە پاڵی , لە شێوازی بەتەن کردن (با پیاتانا هەڵ نەشاخێ ) کە شاخ پانتاییەکی ئەندازەیی نارێکی هەیە لە دڵ ڕەقی و توندی و بێ بەزەیی وەستاکە ئەم شوێنە دەخوازێت ژیانی پێ دەبەخشێت کە شاخە , ئەم دوو منداڵە کە دەبنە قوربانی , بە ناوی شارەکەوە کارەساتەکە دەناسرێتەوە .

کوا ؟! ، وەرە پێشەوە ، تێم ڕووانە ، تا دڵ نیا بیت شتێکی ئەوتۆت نەکردووە بهێنێ پشتی لێ بکەیتەوە .. (وەرە پێشتر تا هەموو شتێك بەچاوی خۆت ببینی . ئەوە قاچەکانم ، بڕوانە خڵتانی خوێنی شوێن گازی پێوەنگە کەیە ، ئەوەش دەستم ، سەرنج بدە ، چاك بڕوانە و دەم هەڵهێنەرەوە بڵێ بزانم چی ئەبینیت ؟ !

ئەو دەستە یان زجکاوی زامی برینی کەلە پچەکەی پیائەچۆڕێ , ئەی ئەمەی تریانم ؟

ئەویان باشترە ، شوێن زامەکەی لە سارێژ بوونە ، کەلە پچەشی تیا شل بووەتەوە

بڵێ کوڕم بزانم چیت بۆ دایکە بریندارەکەت کردووە ؟

وادیارە تازە لەسەرەتای ڕێ دام بۆ ئازادکردنی تەنها مەچەکێ کت)(٤٩) جەنگاوەرێك لە دوای ئەوەی بەشێکی کوردستان جۆرێك لە ئازادی بە خۆیەوە دەبینێت لە خۆی بایی دەبێت , لەلایەك ڕەوایە چونکە بەرخۆدانێك و گیانبازییەك و فیداکارییەك و ماندوو بوونێکی زۆری بەخشیوە لەو پێناوەدا , لەلایەکی دیکەوە دایکی نیشتمان کە بە وەڵام دێت نارەوایە کە لە خۆی بایی بووە چەك و سیپارەی توڕ دەداتە قوژبنی یادکردنەوە , چوونکە هێشتا بەشەکانی دیکەی کوردستان ئازاد نەبووە لە ژێر داگیرکاریدا دەناڵێنێت , لێرەدا نووسەر کوردستانی گەورە بە دایك دەچوێنێت شوێن سیفەتی مرۆڤی پێ دەبەخشێت , هەروەها بەشەکانی دیکەی کوردستان بەم شێوەیە بە بەشەکانی جەستەی مرۆڤ دەچوێنێت تەنها دەستێکی بە بەشێکی کوردستان دەچوێنێت کە جۆرێك لە ئازادی بە خۆیەوە بینیوە بەڵام بەشەکانی دیکە کە دەستێك و قاچەکانییەتی هێشتا لە ژێر داگیرکاریی و کەلەپچەکراون جیاوازی لە نێوان شوێن و مرۆڤ تێکەڵ دەبن بەیەکەوە پاڵەوانن بەیەکەوە شوێنی پیرۆزن .

(تێر فرمێسك نەبوویت ، کێوی یادت گرتۆتە کۆڵ ، هەرکە خێوەتی گریان هەڵ دەدرێ ، کەناری ئەشکی بۆ دەگریت)(٥٠) حەمەکەریم عارف یادی دایکێك کە ڕۆڵەکەی لە لایەن ڕژێمەوە دەگیرێت و لە سێدارە دەدرێت بە تۆمەتی کاری ڕێکخستن , یاد دۆخێکی ژێریە سیفەتی شێوازی بەتەن کردنی دەخاتە پاڵ کە کێوە , هەروەها خیوەتی گریان و کەناری ئەشك سێ سیفەتی بەتەن کردنن دەیانخاتە پاڵ هەرسێ دۆخە ژێرییەکە (یاد و گریان و ئەشك ) .

( ئەگینا من قەت "شارم" بەژن نەچواندووە ..دەباشە ئەو شارە لە خانمە ژنێكی جوان دەچێت , خانمە ژن ئەمما خانمە ژن )( ٥١ ) نووسەر شاری کەرکوك بە خانمە ژنێك دەچوێنێت , زۆر جەخت لە چواندنەکە دەکاتەوە , کە ژنێکی ئاسایی نییە بەڵکو زۆر جوانە . ( "ئەو شارە چ سەرێکی گەورەی هەیە "مەبەستی لە قەڵا بوو.. )( ٥٢ ) .

قەڵای کەرکوك کە گەڕەکێکی سەرەکی شاری کەرکوکە لە ئێستا و لە ڕابردوودا سیفەتی سەری مرۆڤی پێ بەخشیوە کە لە جەستەی مرۆڤدا شوێنی بیرکردنەوەی گرنگ و زیندووە , بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی لە گەڕەکەکانی دیکەی شار بەرزترە و لە دوورەوە هەر بەسەری مرۆڤ دەچێت و لاشەی ژنەکە گەڕەکەکانی دیکەی شاری کەرکوك پێکدەهێنن . (وا ئێستا لە شوێنی پردە دارینەکەوە وەستاوم تەماشای "سەری شار دەکەم" سەری ژنێکی پەرچەم شێواو و ئاڵۆز دەبینم )( ٥٣ ) قەڵای کەرکوك وەکو "گردە درۆزنەی"( * ٣ ) شارەزوور وایە لە هەر سوچێك سەیری بکەی بە شێوەیەك خۆی دەنوێنێت , سەری شار کە قەڵایە لە نێوان مرۆڤ و شوێن و کەرکوك و کەرکوکییەکاندا ناوێك ناو وناوبانگ دەردەکات کە زۆر ناخۆشی و مەینەتی بینیوە بەڵام پڕ بەقەد باڵای خۆی جوانیی و خۆشەویستی بەمرۆڤایەتیی بەخشیوە . ( ئەویش وەك هەموو نەو نەمامێك هەرزەکارو لاو بەهاران خۆی دەڕازانەوە و هەر لە حەوزەلا بوو! لە بنەوەش بە هۆی باران و ڕۆژگار و وازی منالەوە یەك دوو پەل لە ڕەگەکانی کەوتبوونە دەشت وە بە توندی چنگی لە زەوییەکە گیر کردبوو...هەروەکو بڵێ ئەمە شوێنی منە...ژیانی منە...دایکی منە )( ٥٤ ) لە چیرۆکی دارەکەی بەر ماڵمان ئەو دارەی بەشدارە لە مێژووی گوندەکە بە خۆشیی و ناخۆشییەوە وەکو مرۆڤەکانی نیشتەجێی گوندەکە لە کاتە خۆشییەکاندا خۆی دەڕازێنێتەوە لە کاتە ناخۆشییەکاندا پشکی بەردەکەوێت لە جینۆسایدکردندا زۆر جار ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل سیفەتی مرۆڤی بە دارەکە دەبەخشێت لە خۆڕاگریی و دەربڕینی هەڵوێست و بەخشیی و لە گەواهیی دان بۆ سەردەمە جیاوازەکان بە پێی ئەوەی تەمەنی دارەکە لە تەمەنی مرۆڤ درێژترە , هەروەها لە ڕووی بەرزیی و باڵاوە پێش مرۆڤ دەکەوێت .

( وەك دایکێکی دڵ نەرم باوەشی ئارامی بۆ دەکردینەوە , دایکی هەمووومان بووە ,... )( ٥٥ )

لێرەدا وەکو مرۆڤ کە سیفەتی شوێنی وەرگرتبێت کە خۆی لە بنەڕەتدا شوێنە , لە نێوان شوێن و مرۆڤدا بە شێوەییەکی دۆگما دەردەکەون هەر جارێك یەکیان پاڵەوانە یان هەردووکیان پاڵەوانن .

(دەبوایە بەر لە هەموو خزم و برادەرێك سەرم لە دارەکە بدایە...تاسێکی تێکەڵ لە خۆشی و لە زەردەخەنە و فرمێسك...دەچووە دەروو نمەوە )( ٥٦ ) شوێنەکەو دارەکە زۆر ئاوێتەی ژیانی خەڵکەکە بوون , بەشداری هەموو بارو دۆخەکان و بووە بە بەشێك لە مێژووی گوندەکە .

**بەشی دووەم : تەوەری دووەم**

**ئامار و ڕێژە و پانتایی شوێن لە چیرۆکەکاندا :**

جیرار جینیت دەڵێت:(زمان لە هەر هۆکارێکی دیکە زیاتر توانای هەیە , یان سروشتی زمان توانای هەیە پەیوەندییە شوێنییەکان دەربڕێت , پانتایی شوێن لە هەر ڕستەیەکدا زیاترە لە زاراوەکانی دیکە )( ٥٧ ) , شوێن بەگشتی بریتییە لە ( شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی وەك بەهەشت و دۆزەخ و شوێنی غەیبی وەك عەرش و بەرزەخ و قوولەی قاف وشوێنی مەعنەوی ئاوی کەوسەر و ڕوناکی و تاریکی و پەناگە , شوێنی مەوداکان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشور و ڕاست و چەپ و قیبلە , شوێنی ئاسمانی و زەوی , شوێنی جەستەیی سنگ و پشت و سەر ودەم و چاو چوار پەل و وەلاش , شوێنی هەستی ئاسمان و ڕۆژ و ئاو و هەور)( ٥٨ ) .

ئامار و پانتایی شوێن لە کورتیلە چیرۆکی کوردیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٩٦ .

کە کێشرا گیانی پاکی من و تۆ
خشتی دوو بۆ سەر لاکی من و تۆ
ئەوسا بۆ خشتی گۆڕی ئەم و ئەو

**لە قاڵب ئەدەن خاکی من و تۆ ( * ٤ )**

لەم چوارینەی خەیامدا حەوت جار شوێن بەرجەستە دەکرێت کە چوارینەکە لە بیست و پێنج وشە پێکهاتووە بەڵام ئەگەر لە ڕووی فەلسەفەوە باسی بکەین , ڕەهەندی خاك و گۆڕ زۆر هەڵدەگرن .

لە کورتیلە چیرۆکی گەشتی کوێری ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا , نزیکە شەست و هەشت جار ناوی شوێن و کایەی شوێن دەهێنێت , لە کۆی سێ سەدو پەنجاو یەك وشە , نزیکەی لە سەدا نۆزدە پۆینت سی و حەوت . باس لە کەسێکی نیشتمان پەروەر دەکات بە هۆی بارو دۆخی سیاسی چاوی کوێر دەبێت و لانەواز دەبێت , لە گوندەکەی خۆی ئاوارە دەبێت بۆ شارو شارۆچکە و گوندی دیکە تا لە شوێنێکی شاخاوی پڕ بەفر هەڵدەخلیسکێت و پەلەواژ دەبێتەوە و دەمرێت .

**گەشتی کوێری ( * ٥ )**

هەر ئەسوڕایەوە , یەك ( لا ) , ژوورێکت , ژمارەی ئەو کۆڵانانەی , لە نزیك هاوینە هەوارەکەی پیرمام , ئیستاش وا بۆ ژوورێك ئەگەڕێ , خۆی کرد بە شارەکەدا , کەچی تا ئێستا ئەسوڕێتەوە ! لەم شارە , ژوورێکت دەست نەکەوێ ! ؟ لە هەر دێ یەك لام بدایە , بێ پرس ئەچوومە ژوورەوە , کە بەڕە شڕێکم ڕائەخست , دانیشتوانی شار ئاڵۆز , هەنگاوەکانی گورج تا دارەکە , بەردەمی دیوارە , کۆڵانەکە بەلای چەپا , کۆچ و بارێکی ماڵێکی ئاوارەی تازە خۆی نەکا بەشارەکە , دانیشتوانی تۆ بڵێ چی دڵێکتان خۆشە بەم شارە , کەوا ڕۆژ نی یە ماڵ و کۆچێ ڕووی لێ نەکا ؟ کەمێك بۆی هاتە پێشەوە ,بەڵام خۆی تەپانە ژوورەوە , لەدێ ی سەوزەوە هاتووم , تومەز بەجێ یان هێشتوم , کێ منی گەیانە ئێرەو ,کەوتە ڕێ کۆڵانە تەسکەکە , تا ئەهات فراوان ئەبوو , بەرەو دەرەوەی شار , شار خۆیانیان لێ گێل ئەکرد , نواندبوو لەنێوان هەشتەکەوە ئەیڕوانی , ئێرەم بەبیرا نەئەهات ,گەیشتینە نزیکتان , دێ بەسورکان بووەکەی, ئەڵێن ژووری ئێرەش تاریکە, ئەگەر ژوورتان دەس نەکەوت, جێ ی ئەکاتەوە , ئەڕۆین تا بیابانێك ,خەڵکی ئەم شارەی تیا نەبێ , لەوێ بەدەس , بە چوگڵ , بە قوم , لەکەنار , دەریایەکی سەوزا , کۆخێ دائەمەزرێم , لەوێ هەموو شتێ , کوخەکەی خۆم ئەدەم بە ئێوە , یەکێکی تر دروست ئەکەم , خەڵکی کوێ .

**چڵێك خەونی سەوز ( *٦ )**

ئازاد جوندیانی لە کورتیلە چیرۆکی چڵێك خەونی سەوزدا نزیکە پەنجاو هەشت جار ناوی شوێن و کایەی شوێنی باسکردووە لە کۆی سێ سەدو چل و نۆ وشەدا کە دەکاتە ڕێژەی سەدا شانزدەو پۆینت شەست و یەك . سەرگەردانی , بەلێواری , شەقامە ڕاستەکەداکشا , گیانی شەقامەکەیان ئەدا , ئەم شەقامە چەند قەڵەباڵغە و.. پڕیەتی لە چێشتخانە وچا یخانە !! گەیشتە ئەو سەری شەقامەکە , گۆڕەپانێکی بازنەیی , لەسەردورپانەکە دروست کرابو, کۆمەڵێك بۆیەچی وکوێر تیایا هەڵتوتابون,لایەکەی تری شەقام وبەهەمان ڕێگەی پێشوی گەڕایەوە ,ئەم شارە لانەوازی چەند زۆرە گەیشتە ئەو سەرەکەی تری شەقام گۆڕەپانێکی تری , داوێنی کۆشێکی بەرز , بە ژووری مێشکیا , ئەڵێن ئەم شارە گیرفان بڕی زۆری تیایە , بە بەردەمیا تێپەڕیان کرد و گورج دیسان بەرەو لای تر وەرگەڕایەوە .. دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن ....لەوانەیە بیەوێت شەقامەکە بپێوێت باران گیانی زەوی پاراو کرد , خەڵکی بەدەرەوە نەهێشت , خەڵکی ئەم شارە نەبن , تاریکایی گیانی شارەکەی قوت نەدابو , ئەمیش هەر ئەهات و ئەچوو .. لەسەر هەمان ڕێڕەو, لە پانتایی ئاسمان , تا لە شوێنێکا گومی کردن, ئەچوینە ئاوزەوی , ئەم باڵندانە ئاوارەن و هی وڵاتی خۆمان , بە شەقامەکەدا ئەهات و ئەچو , خۆی کرد بە مزگەوتێکا , لەسەر لابەرێك پاڵی دایەوە , بەدو قۆڵی دانیشتبون , لە خەستەخانە نەکەوتویت , بڵند گۆی مزگەتەکەوە , لە مزگەوتەکەدا مردوە , کرێکارانی شارەوانی خستیانە دوتۆی گۆڕێکی سارد و سڕەوە . ئازاد جوندیانی سی جار ناوی شوێن و کایەی شوینی باسکردووە , لە کۆی سەدو سی و شەش وشەدا, کەدەکاتە لە سەدا بیست و دوو و پۆینت سفر و پێنج .

**ئیستگەی پاسی ژمارە ( * ٧ )**

شەست و دوو جار ناوی شوێن و کایەی شوێنی هێناوە .

ئاسمان , دەرشتە لە پێ شەقامەکەوە ، ... وەك دارە گرویٚ کانی ئەمبەر و ئەوبەر شەقامەکەی , لە گۆڕەپانی ئێستگەکە ڕوابوون , دەورو پشتی بوون , ئاوی شۆستەکە , شەقامەکەی دەماڵی , مجەوری مزگەوتی سەروو شارەوە دەچوو ، ... بە هێلێکی ڕاست و , چەوت دەی نوسی , تولەماری ئاوەکە لەو رزی شۆستەکەوە خۆی کێشا بۆ ژێر پێلاوەکانی ، ئەویش وەك درەختەکان دەڕوا بەهەشتی بەیادا , سەر شەقامەکەیان دەکوژانەوە , قوڕو چلکاوی بەر شۆستەکەی خانوە قوڕەکان , سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای کرد , چەتری ئێستگەکەوە , دەڕێشتە سەر شەقامەکە, ئافرەتەکەی ئەو لاشەوە , لوتی دەنا بۆ بەر ئێستگەکە ئەوە بۆکوێ دەچێ ؟ بۆ قەرەجاوا . ئەمیش خۆی لەسەر بارە دارەکە هەڵ چنی بۆ قەرەجاوا ، ئەمشەو میوانی قەرەجاوایە .

شوان و شوێنەوار ( *٨ )

کورتیلە چیرۆکی شوان و شوێنەوار بریتیە لە شەش سەدو نۆزدە وشە تەنها نەوەدو شەش جار زاراوەی شوێن بەکار هاتووە شوێن و کایەی شوێن لە سەدا پانزدەو پۆینت پێنج ی چیرۆکەکە داگیر دەکات .

دڵۆپی ئەستێرەکان , چاوی گوندە خەواڵوەکەدا دەتوانەوە ، ئەم لە پەنا دار گەزەکانەوە ,شوێن پێی سەر ڕێگای خۆلاوییەکەی هەڵدەگرت ، ئەگەر جیهانی مرۆڤ , شوێن پێکان , هەندێ جێدا ,شوێنەواریان نەدەما ، بە چاوی مانگ لە تاشە بەرد و جێگا ڕەقەکانی بەر بناری دەروانی ، دەکەوتەوە رێ ، تە پو تۆز دەبوە دوکەڵێکی باریك و لە بۆشایی دا پێچی دەخوارد جیهانە خامۆشەکەی دەشڵەقاند ، لە ڕوکاری ئەم دیو چیاکەوە , گوندێکی شەنگ , بوبوە خاڵی سەرڕوی مانگەشەوەکە ، لێرە لادەدەم ، ماڵی خاڵە ، لەم پەڕەوەیە , گەمارۆم دەدەن , بەم شەوە لە کوێوە باریت ؟ ، دادەنیشتی , لای گوندەکە وەرچەرخاندەوە , بگەمەوە ماڵ , لە سەرەوە بە حەساوەیی بەسەریان دەکەمەوە , خۆڵی بەرەودوا دەکرد ، جیهانم لە کونە وردیلەکانیا دەدێ , لە بناردا و لەسەر تاشە بەردێك دادەنیشتم ، لە دورەوە , تاشە بەردم بەجێ دەهێشت.

ئەستێرەیەك بەسەریا کشا ، گوێی لە هاژەی بن دەوەنی ، کەوتەوە ڕێ ، دور ڕوانی ، گوندە خەواڵوەکە دڵۆپی ئەستێرە جوانەکانی ئەو شەوەی بەسەر دەڕژا ، کە گەیشتمە بەر ماڵی خۆمان ، لەسەرخۆ لە چە پەرەکەوە دەچمە حەوشێ ، لە دەرگای ژورەوە دەدەم ، بەرەو ڕوی وێنە بێچوار چیوەکانی ، سەر دیوارەکە دادەنیشم, بزانن لە چ ناوچەیەکە ؟ هیلاکی ڕێگا بەخەوێکی قوڵ دەردەکەم , پێی هەڵگرت ، مانگ لە پێچی ڕێگاکەی ، ئەستێرەکان زیاتر کەوتنە جریوە ، بە بنارەکەدا سەرکەوت ، تروسکە لە هیچ لایەکەوە نەبو ، نزیکتر کەوتەوە ، هەنگاوەکانی تا دەهات فراوانتر دەبو ، خۆی گەیاندە پەنا دارەکانی دەوری گوند و چاکتر ڕوانی ،ئەستێرەکاندا خوڕ خوڕ بۆ ناو دڵی گوندە چاو نیشتوەکە دادەچۆڕا ، بەچەند هەنگاوێکی , لە دەرو دیوارەکان گێرکرد ، دیوار ڕابەری بێت لەو سەرەوە تا ئەمسەر هات ، گەڕا ....تا توانی شوێنەواری خانوەکەیان بدۆزێتەوە و لەسەر زەوییە .

گـــــــــــۆر ( *٩ )

کورتیلە چیرۆکی گۆڕ لە دووسەدو حەفتاو سێ وشە پێکهاتووە , پە نجاو دوو جار ناوی شوێن و زارەوەی کە پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە هاتووە . کەدەکاتە نزیکەی لە سەدا بیست وپێنج .

جیرەی چەرپایەکە ، خەیاڵ تەرە بوو ، زۆر جیهانی پەی کرد ، باڵی نیشتنەوەی دەهێنایەوە یەك ، پێ ی لە ئەرز گیر نەدەبوو ، هەڵ دەستایەوە , سنووری ژوورەکان ، تەنانەت جیهانیش دەبڕێ ، فڕی زۆر فڕی ، هاتەوە ، چوار چێوەی سنووری ژوورەکە هات ، چوو ، هات ، چوو بە کوێسەبانەی ئەلبوومەکەدا نیشتەوە ، خۆت بۆی خستە سەر گازی پشت ، دەرگای یەکەم زامت بڕی ، مۆزەخانەیەکی ، کە ڕێم تێت دەکەوێ ، پێم ڕێ ی دەرچوون داناگرێت . دەرگایەکی ترت بڕی ، هەوارگەی لێوەکانتی چۆڵ کرد ، بە پردی داخەکانت دا هەڵکشایت ، لات دا ، لەشکری فرمێسك گەمارۆی قەڵای چاوەکانی دایت ، بە پەلە خۆت

هەڵدایە ئەو دیو هۆلاکۆی یاد ، کۆمەڵە زامێکی باڵ کراو دەورەیان گرتیت . لە قەڵای چاوت هاتنە پێشەوە , هێناتیانە دەرەوە ، چاڵێکمان بۆ هەڵکەنە ، بە پانی یەك بست ، قووڵی مەترێك ، درێژی دوو مەتر ، کە بە خاکە نازەکەت خۆڵەکەت

دەردەدا ، كلۆ خۆلەكان خل ئەبوونەوە بۆ ناو چالەكە ، دەیان گوت دەتووت نایەوێت باوەشی دایكی جێ بهێڵێ ، قەلای چاو هەرەسی هێنا ، گۆڕەپانی ڕاستی لە ئامێزی گرتوویت ، هەوارگەیەكی پیرۆزی ، مەزارێكی مەنگی، دەخەمە نێو ئینجانەی چاوەكا نمەوە .

( ئەم شارە ئەم خانمە ژنە ) لەم چیرۆكەدا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە كۆی هەزارو چوار سەدو پەنجاو سێ وشەدا دوو سەدو هەژدە جار ناوی شوێنی هێناوە .

## ئەنجام

لە ئاكامی ئەم لێكۆڵینەویەدا ئەم ئەنجامانە بەدی هاتن :ـ

١ ـ ئەگەر چی مرۆڤ كارەكتەری ڕووداوەكان بێت ، بەلام مەرج نییە پاڵەوانی چیرۆك و ڕووداوەكان تەنها مرۆڤ بێت .

٢ ـ شوێن ڕۆحی خۆی لە مرۆڤە وەردەگرێت هەروەها شوێن وەك پاڵەوان دەبینرێت ، لە چەند ڕووداوێكی چیرۆكی ڕیالیزمی كوردیدا ، كە شوێن ڕۆلی كاریگەر و سەرەكی هەیە .

٣ ـ هەر ڕووداوێك ، ئەگەر پەیوەست بێ بە ئایدۆلۆجیایەكی دیاریكراوەوە پاڵەوانەكەی "شوێنە" یان "كاتە" ڕووداوە جەرگبڕەكانی كوردستان بە تایبەتی ئەنفال و ڕووداوەكانی كیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید و دۆڵی بالیسان و قەرەداغ هتد.. لە چیرۆكی كوردی و جیهانییەكان ، گۆڕەپانێك و ناوەندێكی دەوڵەمەندە بۆ سەلماندنی لەم جۆرە پاڵەوانێتیە.

٤ ـ هەندێك لە ڕووداوەكان ، بەناوی شوێنە ، بە هۆی گرنگی شوێنەكەوە ناو بانگی دەركردووە .

٥ ـ ڕووداوەكان و كەسەكان ، بە شوێنەكان دەناسرێنەوە .

٦ ـ بەكار هێنانی شوێن وەكو مرۆڤ یان مرۆڤ وەكو شوێن ، پێدانی سیفەتی مرۆڤ یان هەستەكانی بە شوێن و كەل و پەلەكان .

٧ ـ ئاماری شوێن و ناوهێنانی شوێن لە چیرۆكەكاندا بە شێوەیەك شوێن ڕێژەیەكی دیاریكراو لە چیرۆك داگیر دەكات.

## پەراوێزەكان :


( ١ ) سهيل الشملي ، البطل في ثلاثية سهيل ادريس ، بيروت . دار الادب ، طبعة الاولى ، سنة ١٩٩٨، ص ٣١ .

( ٢ ) نەجم خالد ئەلوەنی ، كارەكتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، زانكۆی صلاحە الدین ، هەولێر ، چاپخانەی موكریانی ،ساڵی ٢٠٠٩ ، ل٢٠ .

( ٣ ) بەیدەبا فەیلەسوفی هندی ، كەلیلەو دیمنە ، و . عومەر تۆفیق ، سلێمانی ، چ ٤ ، سالی ٢٠٠٧ ، ل٣٣.

( ٤ ) "ایسوب " حكاياتة وشخصيتة ، بقلم السيد نجم ، http\\www.syrianstory.com

( ٥ ) عەزیز گەردی ، febles of aesop ، لە ئینگلیزی یەوە كردوویە بە كوردی ، بەغدا ، چاپخانەی الحوادپ ، ساڵی ١٩٨٢ ، ل ٦ .

( ٦ ) وفاء عزيز مجاعص ، المكان في الرواية اللبنانية ، بأشراف د.هنري العويط ، بيروت لبنان ، جامعة القديس يوسف ، سنة ٢٠١٠ ، ص١٠.

( ٧ ) وفاء عزيز مجاعص ، المكان في الرواية اللبنانية ، بأشراف د.هنري العويط ، بيروت لبنان ، جامعة القديس يوسف ، سنة ٢٠١٠ ، ص١٠.

( ٨ ) د. هیمداد حسێن ، ڕێبازە ئەدەبیەكان ، هەولێر ، دەزگای ئاراس ،ساڵ ٢٠٠٧ ، ل٥٧ .

( ٩ ) انترنيت ، القصة القصيرة ، عناصرها وشروطها ، خليل الفزيع كاتب وصحفي سعودي ، الدمام السعودية .
http://www.qanon302.net/news/news.php?action

( ١٠ ) سەرچاوەی پێشوو .

( ١١ ) ادب الفنتازيا ، ترجمة صبار سعدون السعدون ، بغداد دار المامون للترجمة و النشر، ص ١٣ .

( ١٢ ) المكان في الرواية اللبنانية ، وفاء عزيز مجاعص ، باشراف هنرى العويط ، جامعة القديس يوسف ، بيروت لبنان ،سنة ٢٠١٠، ص٢.

(١٣) المكان في الرواية اللبنانية , وفاء عزيز مجاعص , باشراف هنرى العويط , جامعة القديس يوسف , بيروت لبنان ,سنة ٢٠١٠ , ص٢.

(١٤) حسێن عارف , توێشووی سەفەرێکی سەخت , خۆڵ و باران و پایز , س ١٩٧٦ ,ل٣- ٦.

(١٥) وفاء عزيز مجاعص , ص٢٢.

(١٦) ئەرەستۆ, هونەری شیعر , وەرگێرانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی, عەزیز گەردی , سلێمانی چاپخانەی گەنج , ساڵی ٢٠٠٤, ل٢٩ .

(١٧) جاستۆن باشلار , جماليات المكان , ت. غالب هلسا , مجلة الاقلام - دار الجاحظ للنشر , بغداد , سنة ١٩٨١ , ص١٩.

(١٨) انترنيت ، القصة القصيرة ، عناصرها وشروطها ، خليل الفزيع كاتب وصحفي سعودي ، الدمام السعودية .
http://www.qanon302.net/news/news.php?action

(١٩) وفاء عزيز مجاعص , ص٧٨.

(٢٠) جاستون باشلار , جماليات المكان , ت غالب هلسا,بغداد , دارالجاحظ للنشر, سنة ١٩٨١,ص ١٢.

(٢١) نەجم خالد ئەلوەنی , کارەکتەرسازی , ل١٨.

(٢٢) احمد ابراهيم الهوارى , البطل المعاصر في الرواية المصرية , دار الحرية للطباعة والنشر بغداد , سنة ١٩٧٦ , ص ٣٨ .

(٢٣) وفاء عزيز مجاعص , ص ٤٨ .

(٢٤) وفاء عزيز مجاعص , ص٢٢ .

(٢٥) حەمە کەریم عارف , تیرۆژ , زام و ژان و ئاگر , سلێمانی , ساڵی ١٩٧٧ , ل١٠.

(٢٦) حەمە کەریم عارف , تیرۆژ , زام و ژان و ئاگر , سلێمانی , ساڵی ١٩٧٧ , ل١٠.

(٢٧) احمد ابراهيم الهوارى , البطل المعاصر في الرواية المصرية, دار الحرية للطباعة والنشر بغداد , سنة ١٩٧٦, ص١٤.

(٢٨) نەجم خالد ئەلوەنی , کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا, زانکۆی صلاحە الدین , هەولێر , چاپخانەی موکریانی ,ساڵی ٢٠٠٩ , ل١٨.

(٢٩) نەجم خالد ئەلوەنی , کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا, زانکۆی صلاحە الدین , هەولێر , چاپخانەی موکریانی ,ساڵی ٢٠٠٩ , ل١٨.

(٣٠) ادب الفنتازيا , ترجمة صبار سعدون السعدون , بغداد دار المامون للترجمة و النشر, ص ١١ .

(٣١) نەجم خالد ئەلوەنی , کارەکتەرسازی , ل٢١.

(٣٢) شێرکۆ بێکەس , http://zamnako.blogfa.com .

(٣٣) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , کۆچیرۆك , دارەکەی بەرماڵمان , دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس , هەولێر , ساڵی ٢٠٠٧ , ل٢٢-٢٤ .

(٣٤) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , کۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر . چ ئاراس , س ٢٠٠٧ , ل ١٦٨.

(٣٥) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , کۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر . چ ئاراس , س ٢٠٠٧ , ل ١٦٦.

(٣٦) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , کۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر . چ ئاراس , س ٢٠٠٧ , ل ١٦٦.

(٣٧) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , کۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر . چ ئاراس , س ٢٠٠٧ , ل ١٦٦.

(٣٨) پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ , قەدری جان ١٩١١-١٩٧٢, چاپخانەو ئۆفسێتی ئاسا , سلێمانی , ساڵی ٢٠٠٢, ل ١٣٤.

(٣٩) ادب الفنتازيا , ترجمة صبار سعدون السعدون , بغداد دار المامون للترجمة و النشر, ص١٢.

(٤٠) د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ , لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی , زانکۆی سلێمانی , ساڵی ١٩٧٩,ل ٥٥ - ٥٦ . بۆ زانیاری زیاتر , کوردۆیڤ .ق.ك .چیرۆك و گۆرانی ی داستانی کوردی , مۆسکۆ ,ساڵی ١٩٦٢ , ل ١٢٣ - ١٢٤.

(٤١) http://www.al itthad.com\paper .php? name – new60950

(٤٢) قورئانی پیرۆز , تەفسیری ئاسان , نووسینی بورهان محەمەد ئەمین , جوزئی پانزدەهەم , سورەتی "الكهف" ئایەتی دەیەم , ل ٢٩٤.

(٤٣) انترنيت ، القصة القصيرة ، عناصرها وشروطها ، خليل الفزيع كاتب وصحفي سعودي , الدمام السعودية .

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , دارەكەی بەرماڵمان , http://www.qanon302.net/news/news.php?action
دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس , هەولێر , ساڵی ۲۰۰۷ , ل۲۲-۲۳ .

( ٤٤ ) جاستون باشلار , جماليات المكان , ت غالب هلسا ,بغداد , دارالجاحظ للنشر, سنة ۱۹۸۱,ص ۳۷ .

( ٤٥ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , دەستی ئۆخەی , دیاری یەكی پەسند نەكراو , سلێمانی , چ ڕاپەڕین , س ۱۹۷۳ ل۲۳ - ۲۷.

( ٤٦ ) عەبدوڵا سەڕاج , لە گەدەی نەهەنگێكدا , گ بەیان , ژ/ ۳۲ , س ۱۹۷۵.

( ٤٧ ) محەمەد نوری تۆفیق , نەوەی شاری خامۆش , , گ بەیان ژ/ ۱۳ , ساڵ ۱۹۷٤ , ل۱۷.

( ٤٨ ) تاهیر صاڵح سەعید ، لەگەرووی مەرگەوە ، ئێوارەیەكی شارەكەم ، س/۱۹۷۰ ، ل۲۳-۲٦.

( ٤۹ ) تاهیر صاڵح سەعید ، لە گەرووی مەرگەوە ، خواستی جەنگاوەرێكی بایی بوو س/ ۱۹۷۱ ، ل٤۲- ٤٤ .

( ٥۰ ) حەمە كەریم عارف , تیرۆژ , نوشتە , س ۱۹۷۹ , ل۳۳- ۳٥.

( ٥۱ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر, دەزگای ئاراس , ساڵ ۲۰۰۷ , ل۱٦٦.

( ٥۲ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر, دەزگای ئاراس , ساڵ ۲۰۰۷ , ل۱٦۸.

( ٥۳ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر, دەزگای ئاراس , ساڵ ۲۰۰۷ , ل۱۷۱.

( ٥٤ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , دارەكەی بەرماڵمان , دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس , هەولێر , ساڵی ۲۰۰۷ , ل۲۲-۲۳ .

( ٥٥ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , دارەكەی بەرماڵمان , دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس , هەولێر , ساڵی ۲۰۰۷ , ل ۲۳ .

( ٥٦ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , دارەكەی بەرماڵمان , دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس , هەولێر , ساڵی ۲۰۰۷ , ل ۲٤ .

( ٥۷ ) وفاء عزیز مجاعص , ص ٦ .

( ٥۸ ) سەباح ئیسماعیل , چەمك و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا , كەركوك , ساڵ ۲۰۰٥ , ل٥٥-٥۸.

( * ۱ ) حسێن عارف , تویشووی سەفەرێكی سەخت ( سمۆرە ) ، ل٥۷-٦۲ .

( * ۲ ) باس لە كچە چینییەكی خزمەتكار دەكات ناوی "ئۆلان "ە جوتیارێكی هەژاری ماندونەناس لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ژیان , لە كاتی قاتو قڕی نەبوونی منداڵ بوو "وانج لینج"كرییەتی ئەم كچە جوتیارە خاكی زۆر خۆش دەوێ وەكو بەشێك لە جەستەی خۆی لە پێناویدا ژیان بە كولە مەرگی بەسەر دەبات , پاش ماندوو بوونێكی بێ وچان ڕەنجی دەگاتە بەرهەم وەرچەرخانێك دروست دەكات لە بارودۆخی ناهەمواری كۆمەلایەتی سەردەمەكەی خۆی پیرۆزی خاك ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ژیان و گوزەران و ئاكاری دەوروبەرەكەی بەتایبەتی , ژیان وئاكاری گەلانی ئازادی خواز بەگشتی , لە كاتێ قات و قڕی "وانج لنج"لەگەڵ خێزانی سەر هەڵدەگرن لە هەرێمی "ئەنهەوای" باكوری چین بۆ شاری "نانكین"ی باشور بەلام خۆشەویستی خاك هەر لە دڵ و دەروونییەتی هەر بە هیوای گەڕانەوەیە ئەگەر چی بە هۆی برسیەتیی و ناخۆشییەوە بوو بەلام بەرەو دلەڕاوكەو نائارامییەوە چوو . بیرل باك خەلاتی نۆبلی لە ئەدەب وەرگرتووە لە ساڵی ۱۹۳۸ دا.

( * ۳ ) گردە درۆزنە دەكەوێتە نێوان ناحیەی سیروان و شارۆچكەی هەڵەبجە لە گوندی تەپەكورەیە , گردێكە لە هەرشوێنێك سەیری بكەی بە جۆرێك خۆی نیشان دەدات .

( * ٤ ) هەژار موكریانی , چوارینەكانی خەیام , ڕۆژمێری ۲۰۱۲ .

( * ٥ ) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , دەستی ئۆخەی , گەشتی كوێری , سلێمانی چ ڕاپەڕین , س/ ۱۹۷۳, ل ٤ - ۷ .

( * ٦ ) ئازاد عبدالوهاب جندیانی , چلێك خەونی سەوز ، گ بەیان ، ژ/ ٤۲، س/ ۱۹۷۷ .

( * ۷ ) جیهان عومەر ، وێنەی باوەشی دیوارەكان ، ئیستگەی پاسی ژمارە ، س/۱۹۸۰ ، ل۱۳-۱٥ .

( * ۸ ) ڕەئوف بێ گەرد ، بوار، شوان و شوێنەوار ، س/۱۹۷٦، ل/ ٤٦-٤۹.

( * ۹ ) حەمە كەریم عارف ، تیرۆژ ، گۆڕ ، س / ۱۹۷۹، ل۲۷- ۲۹ .

**سەرچاوە كوردییەكان :**

١ ـ ئەرەستۆ, هونەری شیعر , و د. عەزیز گەردی , سلێمانی , چاپخانەی گەنج , س ٢٠٠٤ .
٢ ـ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , ئەم شارە ئەم خانمە ژنە , هەولێر, دەزگای ئاراس , ساڵ ٢٠٠٧ .
٣ ـ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , كۆچیرۆك , دارەكەی بەرماڵمان , دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس , هەولێر , ساڵی ٢٠٠٧ .
٤ ـ ئازاد عبدالوهاب جندیانی ، چلێك خەونی سەوز, گ بەیان ، ژ/ ٤٢، س/ ١٩٧٧ .
٥ ـ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل , دیاری یەكی پەسند نەكراو , دەستی ئۆخەی سلێمانی , چ ڕا پەڕین , س ١٩٧٣ .
٦ ـ بەیدەبا فەیلەسوفی هندی , كەلیلەو دیمنە , و . عومەر تۆفیق , سلێمانی , چ ٤ , سالی ٢٠٠٧ .
٧ ـ حسێن عارف , توێشووی سەفەرێكی سەخت , خۆڵ و باران و پایز , س ١٩٧٦.
٨ ـ جیهان عومەر ، ئیستگەی پاسی ژمارە ، وێنەی باوەشی دیوارەكان ، س/١٩٨٠ .
٩ ـ د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ , لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی , زانكۆی سلێمانی , ساڵی ١٩٧٩. بۆزانیاری زیاتر , كوردۆیڤ ق.ك .چیرۆك و گۆرانی ی داستانی كوردی , مۆسكۆ , ساڵی ١٩٦٢ .
١٠ ـ د. هیمداد حسێن , ڕێبازە ئەدەبیەكان , هەولێر , دەزگای ئاراس , ساڵ ٢٠٠٧ .
١١ ـ تاهیر صالح سەعید ، ئێوارەیەكی شارەكەم ، لەگەرووی مەرگەوە ، س ١٩٧٠.
١٢ ـ تاهیر صالح سەعید , لە گەرووی مەرگەوە ، خواستی جەنگاوەرێكی بایی بوو ، س/ ١٩٧١.
١٣ ـ حەمە كەریم عارف ، نوشتە ، تیرۆژ ، س/١٩٧٩ .
١٤ ـ حەمە كەریم عارف ، گۆڕ ، تیرۆژ ، س / ١٩٧٩ .
١٥ ـ قورئانی پیرۆز , تەفسیری ئاسان , نووسینی بورهان محەمەد ئەمین , جوزئی پانزدەهەم , سورەتی "الكهف" ئایەتی دەیەم .
١٦ ـ قەدری جان ١٩١١ـ١٩٧٢, پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ , چاپخانەو ئۆفسێتی ئاسا , سلێمانی , ساڵی ٢٠٠٢
١٧ ـ شوان و شوێنەوار ، بوار ، ڕەئوف بێ گەرد ، س/١٩٧٦ .
١٨ـ سەباح ئیسماعیل , چەمك و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا , چ ئەرا بخا , كەركوك , ساڵ ٢٠٠٥ .
١٩ ـ محەمەد نوری تۆفیق , نەوەی شاری خامۆش , گ بەیان ژ/١٣ , ساڵ ١٩٧٤ .
٢٠ـ نەجم خالد ئەلوەنی , كارەكتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا, زانكۆی صلاحە الدین , هەولێر , چاپخانەی موكریانی , ساڵی ٢٠٠٩ .
٢١ ـ عەبدوڵا سەڕاج , لە گەدەی نەهەنگێكدا , گ بەیان , ژ/٣٢ , س ١٩٧٥.

**سەرچاوە عەرەبییەكان :**

١ـ احمد ابراهيم الهواري, البطل المعاصر في الرواية المصرية, دارالحرية للطباعة والنشر, بغداد , سنة ١٩٧٦.
٢ ـ ادب الفنتازيا , ترجمة صبار سعدون السعدون , بغداد دار المامون للترجمة و النشر .
٣ ـ جاستون باشلار , جماليات المكان , ت غالب هلسا , بغداد , دار الجاحظ للنشر , سنة ١٩٨١.
٤ ـ سهيل الشملي , البطل في ثلاثية سهيل ادريس , بيروت . دار الادب , طبعة الاولى , سنة ١٩٩٨.
٥ ـ وفاء عزيز مجاعص , المكان و البطل في الرواية اللبنانية , باشراف د.هنري عويط , بيروت لبنان , جامعة القديس يوسف , سنة ٢٠١٠ .

**سەرچاوە ئەلیكترۆنییەكان :**

١ـ انترنيت ، القصة القصيرة ، عناصرها وشروطها ، خليل الفزيع كاتب وصحفي سعودي ، الدمام السعودية .
http://www.qanon302.net/news/news.php?action
٢- http://zamnako.blogfa.com/ شێركۆ بێكەس .
٣ - http://www.al itthad.com\paper .php? name – new60950
٤- http://www.bab.com\articales\full_article.cfm;5849[1] ٥-"ايسوب"حكاياتة و شخصيتة , بقلم السيد نجم , http\\www.syrianstory.com .

**ملخص البحث :**

المكان و الشخصية في الاقصوصة الكوردية في جنوب كوردستان بين سنة ١٩٧٠- ١٩٩٥ هي موضوع البحث , في الاقصوصة لم يتبين الشخصية! بشكل واضح على القاريء ان يبحث على دلالات لانه مدى فضاء الاقصوصة قصيرة , قبل الربع الاول في القرن التاسع عشر حيث كانت القصة زمانية اكثر مما تكون مكانية , كان يرى في المكان اطارا فارغا تجري فيه حياة الافراد والجماعات , من غير ان يؤثر فيها . بعد ضهور الرواية الجديدة من قبل كل من ناتالي ساروت و الان روب جرية و ميشال بوتور, في ١٩٣٨م هؤلاء استخدموا الوصف في رواياتهم ومن خلال الوصف الدقيق للمكان والاشياء وكان لوصف دورهام في تجسيم الاشياء والمكان , اعطاء صفة الانسان للمكان والاشياء في الروايات , في الرواية الجديدة تموت المكان كالانسان و تأنسن الاشياء والمكان واحتلت المكان نسبة هائلة من بين عناصر الرواية , حيث بدا تاخذ المكان روحها من الانسان ردا لفكرة البطل القومى او الثوري حيث تلاشت هذه الضاهرة , واخذت فكرة الاشتراكية في قيادة الثورة دون استشارة ببطل الفردي فلهذا السبب فقد البطل الفردي واخذ مكانه البطولة الجماعية في القصة , في هذه الحاله تكون مهمة الناقد صعبة لتشخيص او معاينة البطل , كل حدث تابع للفكرة ايديولوجية فبطلها مكان مثلا في فاجعة الانفالات خصوصا قصف المدن والقرى الكوردية من قبل انظمة متتاليه , حيث قتل المكان والانسان معا,مثل فاجعة "الحلبجة الشهيدة" فلهذا السبب ليس شرطا " بان يكون البطل انسانا" في الرواية دائما , بل يجوز ان يكون الطبيعة او المكان , مع امثلة الواردة في البحث رواية عالمية و كوردية , هنالك امثلة كثيرة , لانه وضع السياسي والاجتماعي والحرب وهجرة الدائمة والمستمرة والتمرد والثورة الكوردية والجغرافيا والطبيعة الخلابة لكوردستان ادى الى وجود امثلة كثيرة حول المكان كالبطل , في الرواية الكوردية , يتكون البحث من ملخص و مبحثين ,مبحث الاول يتناول تعريف و مفهوم الشخصية و المكان , وراي بعض من الفلاسفة والمفكرين , اما مبحث الثاني يتناول رصد الامكنة الروائية في الاقصوصة الكوردية في جنوب كوردستان بين ١٩٧٠ - ١٩٩٥ وحجم تسمية المكان في الراوية الكوردية الجديدة .

## Abstract

The place as a hero in Kurdish short short story is the subject of research, in the south of Kurdistan between 1970-1995 human rights like champion in some of short short story not found! By the first quarter of the nineteenth century, where it was specifying the story more than possibility,

After emergence of new novel by each of the Nathalie Sarraute, and alan Rob gre's and Michel Buturo made, in 1938 and these used description in their stories and through the exact description of the place and objects and to describe Durham to imbue objects and place, to give status of human rights to the place and objects, In novels die human and the place together and took the idea of socialism in the leadership of the Revolution without consulting.

Of the most important ways to fight remnants among citizens, and took the idea of socialism in the leadership of the revolution without consulting hero singles this reason the hero singles and took his place tournament collective story, in this case be important critic difficult to diagnose or preview the hero, every

event continued the idea ideology the hero place, for example in the tragedy the search novel global and Kurdish, there many examples, because of the political situation and social and war, geography and nature of Kurdistan led to the existence of many examples around the place as a hero in the novel Kurdish, consists and two sections, the first Study deals with the definition and concept of the hero and the place, and saw some of the philosophers and thinkers, either Study II deals with monitoring places novelist Kurdish very short story in South Kurdistan between 1970 and 1995 and the size of the place in the label new Kurdish narrator.